ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا: یاساکانی تایبەت وەک نموونە


| |
|---|
| پ. ی. د. رضوان شريف صالح |
| بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان – عێراق |
| Email: rdhwan.salih@soran.edu.iq |
| پ. ی. د. محسن شريف صالح |
| کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق |
| Email: mohsin.salih@epu.edu.iq |



| | | |
|---|---|---|
| کلیلە ووشەکان: | Received: 31/03/2024 | ID No. 1955 |
| ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان، یاسا عێراقیە هەڵوەشاوەکان، یاسا نوێیەکان، یاسا بەرکارەکان. | Accepted: 23/11/2024 | (PP 250 - 279) |
| | Published: 30/11/2024 | https://doi.org/10.21271/zjlp.22.sp.12 |



لە دەستوری هەمیشەیی عراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە و ڕژێمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی)یە و دان دەنرێت بە هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی. ئەم سیستەمەش وای کردووە کە هەر یەک لە دەسەڵاتی فیدراڵی (ناوەندی) و هەرێمی کوردستان ببنە خاوەنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری. کاری سەرەکی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)ی عێراق دانانی یاسا فیدراڵیەکانە؛ بە هەمان شێوە پەرلەمانی کوردستانیش مافی دانانی یاسا و هەموارکردنەوەی یاسا فیدراڵیەکانی هەیە، جگە لەو بابەتانەی لە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵین. کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە چەندین یاسا هەن لە عێراقدا کاریان پێدەکرا و بەرکاربوون، بەڵام دواتر لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە دەرچوواندنی یاسای نوێ، هەڵوەشێنرانەوە؛ سەرەرای هەڵوەشاندنەوەیان، بە بیانوی دەرنەکردنی یاسای بەرکارکردن و پیادەکردن بۆ یاسا نوێیەکان، لە هەرێمی کوردستاندا هەر کار بەو یاسا هەڵوەشێنراوانە دەکرێت. بۆیە ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕادەی ڕەوایەتی کارپێکردنی ئەو یاسا عێراقیانەن کە لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوەشێنراون بەڵام لە هەرێمی کوردستان هەر بەرکارن و هەروەها خستنەرووی هەندێک لە یاسا تایبەتەکانی پەیوەندیدارە بەم بابەتە. بە گرتنەبەری میتۆدی شیکاری و مەیدانی گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە برگە و مادە دەستورییە پەیوەندیدارەکان بە بابەتی توێژینەوەکەمان روون نین و بە تەواوەتی ئەم کێشەیەیان چارەسەر نەکردووە، هەربۆیەش لە رووی پراکتیزەکردنەوە ناکۆکی یاسایی و فقهی دروست بووە کە هەرێمی کوردستان ڕەوایەتی دەدات بە کارپێکردنی یاسا هەڵوەشاوەکان، بەلام لە لایەکی دیکە دەسەڵاتە فیدراڵیەکانی عێراق ڕەوایەتیان پێ نادەن و داوای کارپێکردن بە یاسا نوێیەکان دەکەن کە تا ڕادەیەک لە رووی لۆجیک و دەستور بە دروستتری دەبینین.

## پێشەکی

عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە و ڕژێمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی دیموکراسیە و هەرێمی کوردستانیش بە دەسەڵاتەکانیەوە تاکە هەرێمی فیدراڵی دانپێنراوە تیایدا.[1] لە سیستەمی دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا، دەسەڵاتەکان دابەش دەبن بۆ دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکان کە ئەمەش لە دەستووری وڵاتدا جێگیر دەکرێت. بە پێی مادە (٤٧) و بڕگەی یەکەمی مادە (١٢١)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، دەسەڵاتی فیدراڵی لە دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری پێکدێت، ئەرکەکانی خۆی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پیادە دەکات و دەسەڵاتی هەرێمەکانیش مافی پیادەکردنی هەرسێ دەسەڵاتە ئاماژەپێکراوەکای سەرەوەی هەیە. لە سەرەکیترین ئەرکەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵستانە بە دانانی یاسا فیدراڵیەکان و هەموار و هەڵوەشاندنەوەیان کە هەندێک لەو یاسایانە گشتین و هەندێکیان پەیوەندیدارن بە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی. بە هەمان شێوە پەرلەمانی کوردستانیش مافی دەرکردنی یاسا و هەڵوەشاندنەوە و هەموارکردنەوەی یاسا فیدراڵیەکانی هەیە، جگە لەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی.

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

بە هۆی جێبەجێکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا، دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی مافی هەڵوەشاندنەوەی یاسا فیدراڵیەکانی هەیە، جا چ یاسایەکی گشتی بێت یان پەیوەندیدار بە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی. لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی یاسا پەیوەندیدارەکان بە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی، هیچ کێشەیەکی یاسایی دروست نابێت و بە تەواوی کاریان پێناکرێت لە هەموو عێراقدا. بەڵام ئەو کاتە کێشە یاساییەکە دروست دەبێت کە یاسایەکی فیدراڵی گشتی هەڵدەوەشێنرێتەوە کە لە هەرێمی کوردستانیش بەرکارە. بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە چەندین یاسای گشتی هەن کە لە عێراقدا کاریان پێدەکرا و بەرکاربوون، بەڵام دواتر لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە دەرچوواندنی یاسای نوێ، هەڵوەشێنرانەوە؛ سەرەرای هەڵوەشاندنەوەیان، بە بیانوی دەرنەکردنی یاسای بەرکارکردن و پیادەکردن بۆ یاسا نوێیەکان، لە هەرێمی کوردستاندا هەر کار بەو یاسا هەڵوەشێنراوانە دەکرێت. ئەگەر بە تێروانینێکی ووردی یاساییانە سەرنجی ئەم دۆخە بدەین دەبینین هاولاتیان لە هەرێمی کوردستان لە بەردەم حوکمەکانی دوو یاسای جیاوازدان سەبارەت بە هەمان بابەت: یاسای عێراقی هەڵوەشاوەی بەرکار لە هەرێم و یاسای نوێی عێراقی کار پێنەکراو لە هەرێم. بۆیە دەتوانین بڵێین ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا روون نییە و دەکەوێتە بەر تێڕوانینی یاساییانەوە .

**دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوەیەکی یاساییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاماژەپێکراوی سەرەوە لە ڕێگای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە، کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

پرسیاری سەرەکی توێژینەوە: ئایا کارپێکردنی ئەو یاسا عێراقیانەی کە لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوەشێنراون و لە هەرێمی کوردستان بەرکارن، تا چ ڕادەیەک ڕەوایەتییان هەیە؟ توێژەران هەولیان داوە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارەکی لاوەکی، وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکیە بدەنەوە، کە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرن:

١ .ئایا خاڵی دووەم لە بڕیاری ژمارە (١١)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان چ هێزێکی یاسایی هەیە تاوەکو بکرێتە بنەما بۆ بەرکارکردنی ئەو یاسا نوێیانەی کە لە پەرلەمانی عێراق دەردەچن، بە تایبەت کاتێک لە مادە (١٤١)ی دەستور ئاماژە بە بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان نەدراوە؟

---

[1] بڕوانە دەستوری عێراقی ٢٠٠٥، مادەکانی ١ و ١١٧/بڕگەی یەکەم.

٢ .به پێی بڕگەی دووەمی مادە (١٢١) ی دەستور، ئایا هەرێم تەنها لە کاتی بوونی ناکۆکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی هەیە؟ لەم بارەدا بڕیاری ژمارە (١١) چ بەهایەکی دەبێت؟

٣ . ئایا کاتێک یاسایەک بە دەقی مادەیەکی ڕاشکاوی یاسایەکی نوێ فیدراڵی هەڵدەوەشێنرێتەوە دەکرێت هەر کاری پێبکرێت لە هەرێمدا؟

سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕادەی ڕەوایەتی کارپێکردنی ئەو یاسا فیدراڵییە گشتیانەن کە لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە دەقی مادەیەکی ڕاشکاوی یاسایەکی نوێ هەڵوەشێنراون بەڵام لە هەرێمی کوردستان هەر بەرکارن و کاریان پێدەکرێت. ئامانجی تری توێژینەوەکەمان روون کردنەوەی هێزی یاسایی خاڵی دووەمی بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستانە وەک بنەمایەک بۆ بەرکارکردنی ئەو یاسا نوێیانەی کە لە پەرلەمانی عێراق دەردەچن؛ و هەروەها لێکدانەوەی یاساییە بۆ مافی هەرێمی کوردستان لە هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی. سەرەرای ئەمانەش، ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی هەندێک لە یاسای تایبەت کە لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوەشێنراون بە دەرکردنی یاسای نوێ و لە هەرێم هەر بەرکارن، بخاتەروو .

چوارەم: گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەکەمان خۆی دەبینێتەوە لە باس کردنی ڕەوایەتی کارپێکردنی ئەو یاسا فیدراڵییە گشتیانەی کە لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوەشێنراون و لە هەرێمی کوردستان بەرکارن. دیارخستنی ڕەوا بوون یان ڕەوا نەبوونی ئەم یاسایانە گرنگی زۆری هەیە بۆ هەرسێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش لەبەر ئەو ڕۆلە گرنگەیە کە یاساکان لە کۆمەلگادا دەگێرن. بە باسکردن و روونکردنەوەی ڕادەی ڕەوایەتی کارپێکردنی ئەو یاسایانە، یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستاندا دەستنیشان دەکرێت و ئەو رێکارانەش بەدیار دەکەون کە پێویستە هەر یەک لە دەسەڵاتەکان لە هەرێم بگرنەبەر لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی یاسایەکی فیدراڵی گشتی لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. هەروەها گرنگیەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە بەراوردکردنی حوکمەکانی هەندێک یاسای تایبەت کە لە عێراق هەڵوەشێنراون و لە هەرێم بەرکارن لەگەل حوکمەکانی یاسا نوێیەکانیان کە لە عێراق بەرکارن، بەمەش روون دەبێتەوە کە کامیان باشترە بۆ کارپێکردنیان لە هەرێمدا .

پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی میتۆدی شیکاری و مەیدانی بەکارهاتووە. توێژەران بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوە، شیکردنەوەی یاساییان بۆ دەقە تەشریعیە پەیوەندیدارەکان لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ١٩٩٢ کردووە و هەروەها پەنایان بردووتە بەر ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ئۆنلاین لەگەل کەسانی یاسایی پسپۆر بە پلەی زانستی پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدر لە هەر یەکە لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، ئەنجومەنی شورای هەرێم، و زانکۆیەکانی سەڵاحەددین و سلێمانی و دهۆک، بۆ وەرگرتنی رای جەنابیان سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە. هەروەها لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە، میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێنراوە بۆ بەراوردکردنی حوکمەکانی یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی و یاسای کاری نوێی فیدراڵی لەگەل حوکمەکانی ئەو یاسایانەی کە هەڵیانوەشاندوتەوە بەڵام هەر بەرکارن لە هەرێم .

شەشەم: پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی، لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت. لە بەشی یەکەمدا سێ تایبەتمەندی سەرەکی پەرلەمانی کوردستان دەخرێنە بەر باس و لێکۆلینەوە، ئەوانیش: تایبەتمەندی دەرکردنی یاسای نوێ و یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسا عێراقیە نوێیەکانن. و لە بەشی دووەمدا چەند یاسایەکی تایبەتی هەڵوەشێنراو لە عێراق و بەرکار

لە هەرێمی کوردستان وەک نموونە دەخرێنەروو و حوکمی کارپێکردن بەم جۆرە یاسایانە باسی لێوە دەکرێت. توێژینەوەکە بە خستنەرووی چەند دەرئەنجام و پێشکەشکردنی چەند پێشنیازێک بۆ بابەتی توێژینەوەکە کۆتایی پێهاتووە.

## بەشی یەکەم

## تایبەتمەندی دەرکردنی یاسای نوێ و یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسا عێراقییە نوێیەکان لە هەرێمی کوردستان

لەم بەشەدا سێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پەرلەمانی کوردستان کە ئەوانیش: تایبەتمەندی دەرکردنی یاسای نوێ و یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسا عێراقییە نوێیەکان، لە ڕوانگەی یاسایی و تێروانینە جیاوازەکانی یاساناسانی هەرێمی کوردستان دەخرێنەروو لە سێ باسی جیاوازدا، بەم شێوەی خوارەوە:

### باسی یەکەم

### تایبەتمەندی دەرکردنی یاسای نوێ لە هەرێمی کوردستان

پاڵپشت بە بڕگەی یەکەمی مادە (١٢١)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانانی هەیە لە هەرێمدا، کە تیایدا هاتووە: "دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ... هەیە بە گوێرەی ئەم دەستورە جگە لەو دەسەڵاتانەی کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵیەوە." کەواتە پەرلەمانی کوردستان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، لە سەرەکیترینیشیان دەرکردنی یاسای نوێی هەیە بۆ جێبەجێکردنیان لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، جگە لەو یاسایانەی پەیوەندیدارن بە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی. سەبارەت بە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی، لە مادە (١١٠)ی دەستوری عێراقدا هاتووە:

ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکومەتی فیدرالیەوە:

یەکەم: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دبلۆماسی و ئەنجامدانی دانوستان لەسەر پەیماننامەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی قەرزکردن و واژۆکردن لەسەریان و یەکلاکردنەوە و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتە ئابووری و بازرگانیە دەرەکیە سەروەریەکان.

دووەم: دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لەوانەش پێکهێنان و بەڕێوەبردنی هێزێکی چەکدار بەمەبەستی دڵنیابوون لە پاراستن و مسۆگەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی عێراق و بەرگریکردن لێیان.

سێیەم: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دارایی و گومرگ و دەرکردنی دراوو ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنووری هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دراوو دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بانکێکی ناوەندی.

چوارەم: ڕێکخستنی کاروباری پێوەرو پێوان و کێشان.

پێنجەم: ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامە وبەهاوڵاتی بوون (تجنس) و نیشتەجێبوون و مافی پەنابەرێتی سیاسی.

شەشەم: ڕێکخستنی سیاسەتی لەرەلەرەکانی پەخشکردن و پۆستە.

حەوتەم: دانانی پڕۆژەی بودجەی گشتی و وەبەرهێنان.

هەشتەم: پلاندانانی تایبەت بە سیاسەتی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی لە دەرەوەی عێراقەوە دێن و مسۆگەرکردنی گەیشتنی بڕە ئاوی پێویست بۆ ناو عێراق بەگوێرەی یاساو نەریتە نێودەوڵەتیەکان.

نۆهەم: ئامارو سەرژمێری گشتیی دانیشتوان.

بە تێروانینی بڕگەی یەکەمی مادە (١٢١) و مادە (١١٠)ی دەستور، دەتوانین بڵێین پەرلەمانی کوردستان مافی دەرکردنی یاسای نوێی پەیوەندیدار بە بابەتە ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوەی نیە چونکە لە دەسەڵاتی تایبەتی حکومەتی فیدراڵیدان و هەر یەکێک لەو بابەتانە پێویستی بە دەرچوواندنی یاسا هەبێت بۆ ڕێکخستنی، ئەوا لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە

دەردەکرێن کە لە هەموو سنووری جوگرافی عێراقدا جێبەجێ دەبن بە هەرێمی کوردستانیشەوە. جگە لەو بابەتانە، مافی دەرکردنی یاسای نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستانە. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە بە پێی مادە (١١٤)ی دەستور هەندێک بابەت هەن بە دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێم دادەنرێن، ئەوانیش بابەتەکانی پەیوەندیدار بە: بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی گومرگ؛ ڕێکخستن و دابەشکردنی سەرچاوە سەرەکیەکانی وزەی کارەبا؛ ڕەنگرێژکردنی سیاسەتەکانی ژینگە، گەشەپێدان و پلاندانانی گشتی، تەندروستیی گشتی، فێرکردن و پەروەردەی گشتی، و سامانە ئاویەکان و ڕێکخستنیان کە بە پێی مادە (١١٥) ئەگەر ناکۆکی دروستبوو لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێم، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمە.

لە هەرێمی کورستانیشدا هەندێک تەشریع دەرکراون کە تایبەتمەندی دەرکردنی یاسایان بە پەرلەمانی کوردستان داوە. لە بڕگەی یەکەمی مادە (٥٦)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتووە کە یەکێک لەو ئەرک و دەسەڵاتانەی کە پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ دەکات یاسادانانە. بە هەمان شێوە مادە (٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراودا ئاماژەی بەوە داوە کە پەرلەمان لە هەرێمدا باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، بۆیە گۆمان لەوەدا نیە کە یاسادانان دەسەڵاتێکی دەستوری و یاسایی هەرێمی کوردستانە.

## باسی دووەم

## تایبەتمەندی دەرکردنی یاسای بەرکارکردن بۆ یاسا عێراقییە نوێیەکان لە هەرێمی کوردستان

سەبارەت بە تایبەتمەندی دەرکردنی یاسای بەرکارکردن (هەروەها ناویش دەبردرێت بە یاسای جێبەجێکردن یان پیادەکردن)، پێویستە بگووترێت ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیدار نین بە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی و لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەرکراون لە دوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و بە تایبەتیش پاش کشانەوەی ئیدارە حکوومیەکان لە ١٩٩١/١٠/٢٢ لە هەرێمی کوردستان یان لەمەودوا دەردەکرێن، ڕاستەوخۆ لە هەرێمی کوردستاندا بەرکار نابن، بەلکو بۆ کارپێکردن و جێبەجێکردنیان پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسای بەرکارکردنیان بۆ دەربکات بە پێی خاڵی دووەم لە بڕیاری ژمارە (١١)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان) کە لە ١٩٩٢/٨/٣١ دەرچووە، کە تێیدا هاتووە: "کار بە ئەحکامەکانی ئەو یاسا و بریار و پێرەو و ڕێنمایانە ناکریت کە لە لایەن دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی یەوە دەرچووەن یا لەمەودوا دەردەچن بە تایبەتیش پاش کشانەوەی ئیدارە حکوومیەکان لە ١٩٩١/١٠/٢٢ لە هەرێمی کوردستان مەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیار لەسەر ڕەوایی بەکارهێنانی لەناو هەرێمەکەدا بدات."

هەروەک لە خشتەی ژمارە (١) دەردەکەوێت، پەرلەمانی کوردستان لە خولی یەکەم تا کۆتایی خولی پێنجەم واتا لە ساڵی ١٩٩٢-٢٠٢٣، دوازدە (١٢) یاسای بەرکارکردنی بۆ ئەو یاسا فیدراڵیانە دەرکردووە کە لە دوای ڕێکەوتی ١٩٩١/١٠/٢٢ دەرچوون. هەروەها بە پێی خشتەکە روونە هەموارە یاساکانیش کە لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەرکراون تەنانەت بۆ یاساکانی پێش ساڵی١٩٩١، بۆ جێبەجێکردنیان لە هەرێمدا پێویستیان بە دەرکردنی یاسای بەرکارکردن لەلایان پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە، بۆ نموونە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٨ دەرکردووە بۆ بەرکارکردنی یاسای هە مواری بیستەمی یاسای میلاکات ژمارە(25)ی هەموارکراوی ساڵی 1960 کە یاسای هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بە ژمارە (٧٧) لە ساڵی ٢٠١٧ دەرکراوە.

خشتەی ژمارە (١): ژمارە و ساڵ و ناوی یاساکانی بەرکارکردن یان جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی دەرچوو لە پەرلەمانی

کوردستان لە خولی یەکەم تا کۆتایی خوولی پێنجەم

| ژمارە و ساڵی دەرچوونی یاسا | ناوی یاسای بەرکارکردن یان جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی |
|---|---|
| ژمارە(5)ی ساڵی 2018 | یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات ژمارە(25)ی هەموارکراوی ساڵی 1960 |

| | |
|---|---|
| ژمارە(6)ی ساڵی 2018 | یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بەمرۆڤ ژمارە(28)ی ساڵی 2012 لەهەرێمی کوردستان |
| ژمارە(12)ی ساڵی 2013 | یاسای جێبەجێکردنی یاسای ڕاژەی زانکۆیی فیدڕالی ژمارە(23)ی ساڵی 2008ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق |
| ژمارە(17)ی ساڵی 2013 | یاسای جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی لێکۆڵەرەوانی دادی ژمارە(80)ی ساڵی 2012 ئیتیحادی لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق |
| ژمارە(13)ی ساڵی 2011 | یاسای جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگاییەسزاییەکان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە(17) بۆ ساڵی 2008 لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق |
| ژمارە(14)ی ساڵی 2011 | یاسای جێبەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە(14)ی ساڵی 2008لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق |
| ژمارە(15)ی ساڵی 2011 | یاسای جێبەجێ کردنی یاسای ڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێراق ژمارە(18)ی ساڵی 2011 لەهەرێمی کوردستان |
| ژمارە(17) ی ساڵی 2011 | یاسای جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگا سزاییەکانی عێراقی ژمارە (30)ی ساڵی 2007 لەهەرێمی کوردستان – عێراق |
| ژمارە(18)ی ساڵی 2011 | یاسای جێبەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی عێراقی ژمارە(19)ی ساڵی 2007 لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق |
| ژمارە(9)ی ساڵی 2010 | یاسای جێبەجێ کردنی یاسای پاراستنی بەکاربەری فیدراڵی ژمارە(1)ی ساڵی 2010 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق |
| ژمارە(28)ی ساڵی 2007 | یاسای جێبەجێ کردنی یاسای کۆمپانیاکانی (فیدراڵی)ژمارە(21)ی ساڵی 1997 لەهەرێمی کوردستان ـ عیراق |
| ژمارە(29)ی ساڵی 2007 | یاسای جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی فیدراڵی ژمارە(51)ی ساڵی 2000 لەهەرێمی کوردستان ـ عیراق |
| ژمارە(36)ی ساڵی 2007 | یاسای کارپێکردنی یاسای فیدراڵی هاتوچۆی ژمارە(86)ی ساڵی 2004 لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق |

**سەرچاوە: نووسەران بە سوود وەرگرتن لە وێب سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان**

**کاتێک سەرنج دەدەینە دەستوری هەمیشەیی عێراق، دەبینین هیچ مادەیەکی ڕاشکاو لەناو دەستوردا بوونی نیە کە تایبەتمەندی دەرکردنی یاسای بەرکارکردنی یاسا فیدراڵیە نوێیەکان بداتە پەرلەمانی کوردستان، بەلکو ئەم تایبەتمەندی لە بڕیاری ژمارە (١١)ی ئاماژەپێکراو هاتووە کە لە لایان خوودی پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە. لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت کە ئایا خاڵی دووەم لە بڕیاری ژمارە (١١)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان چ هێزێکی یاسایی هەیە تاوەکو بکرێتە بنەما بۆ بەرکارکردنی ئەو یاسا نوێیانەی کە لە پەرلەمانی عێراق دەردەچن؟ بە تایبەت کاتێک لە مادە (١٤١)ی دەستور ئاماژە بە بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان نەدراوە.**

**لە ڕوانگەی یاساناسانی هەرێمی کوردستانەوە، هێزی یاسایی و کارپێکردنی بڕیاری ژمارە (١١)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ڕا و بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕا و بۆچونیان دەخەینە ڕوو:**

دەستەی گشتی ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان - عێراق لە رایەکیدا بە ژمارە 2011/36 کە لە رێکەوتن 2011/١٠/١١ بە رێکەوتن دەرچووە سەبارەت بە بڕگەکانی بڕیاری ژمارە (11)ی ساڵی 1992 دا ئاماژەی بەوە داوە کە: ئەم بڕیارە ئەوکات بەهۆی هەستانی ڕژێمی پێشوو بە کشانەوەی ئیدارە حکومییەکانی لە هەرێمی کوردستان دەرچووە کە بووە هۆی پچڕانی پەیوەندی یاسایی و ئیداری نێوان هەرێم و ناوەند، و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە 2003/٤/٩ بووە هۆی نەمانی ئەو بەربەستە، و ئەگەر بەربەستەکە نەما ئەوا قەدەغەکراو دەگەڕێتەوە (بڕگەی دووەم لە ماددەی (چوارەم)ی یاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی 1951 و هەموارەکانی)، بۆیە بڕیارەی ئاماژەپێکراو ئامانجی دەرکردنی خۆی لەدەستداوە سەبارەت بەو یاسایانەی لە دوای 2003/٤/٩ەوە دەرچوونە. لەم رایە دەردەکەوێت کە سەرۆک و راوێژکارەکانی ئەندام لە دەستەی گشتی ئەنجوومەنی شورا ئەو بۆچوونەیان هەیە کە لە دوای 2003/٤/٩ەوە، بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان هیچ هێزێکی یاسایی نەماوە و چیتر کاری پێناکرێت و بۆ کارپێنەکردنیشی پشتیان بە بڕگەی دووەم لە ماددەی (چوارەم)ی یاسای شارستانی عێراقی بەستووە کە تا ڕادەیەک مەنتقی نیە چونکە دەتوانین بڵێن بڕیار و یاساکانی پەرلەمان هەمان هێزی یاساییان هەیە کە دواتر باسی لێوە دەکەین و ناشکرێت بە مادەی یاسایەکی ساڵی ١٩٥١، بڕیارێکی ساڵی ١٩٩٢ لەکار بخەین. لە بۆچوونێکی تری دەستەی گشتی ئەنجوومەنی شورا کە بە ژمارە 2012/3٥ و لە 2012/٣/٢٥ بە رێکەوتن دەرچووە، دەردەکەوێت کە هەمان رای پێشووتری هەیە و پێی وایە یاسای قەرەبووکردنەوەی قوربانیان لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان، هەڵەی سەربازی، و ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٩ بە شێوەیەکی خۆکارانە لە هەرێمدا جێبەجێ دەکرێت بەبێ ئەوەی پێویست بە یاسایەکی تایبەت بکات بۆ بەرکارکردنی، بە واتایەکی دیکە پێ وایە بڕیاری ژمارە (١١) کاری پێناکرێت.

پ.ی.د.هادی مسلم کە یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی گشتی ئەنجوومەنی شۆرا لە کاتی دەرچوواندنی هەردوو رای ئەنجوومەن، لە توێژینەوەیەکیدا باسی لە هۆکاری ڕەوایەتی کارپێنەکردنی بڕیاری ژمارە (١١) دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو بڕیارە لە هەلومەرجێکدا دەرچووە کە پەیوەندی نێوان کوردستان وەک قەوارەیەکی دیفاکتۆ و دەسەڵات لە بەغدا بێ متمانەیی و جۆرێک لە دوژمنایەتی بوویە، و ئەم بڕیارە دەرچووە بە ئامانجی کۆنترۆڵکردن هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لە بەغداوە دەرچوونە یان دەردەچن دوای کشانەوەی ئیدارەکان لە 1991/١٠/23، و دەرچوواندنی لە کاتێک بووە کە هیچ بیرکردنەوەیەک لە بوونی دەوڵەتی فیدراڵی و بوونی دەستورێک نەبوویە کە پەیوەندی نێوان قەوارەی کوردستان و حکومەت رێکبخات. بەڵام لە ماوەی نێوان دەرکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ و ساڵی 2013، پەیوەندی نێوان هەرێم و دەسەڵاتە فیدراڵیەکان بە هەندێک سەقامگیری تایبەتمەند بوو، بەو پێیەی هەرێم نوێنەری لە دەسەڵاتە فیدراڵیەکان لە ئاستە جیاجیاکاندا هەبوو، هەروەها لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەشریعاتەکان دەردەکران بە کۆدەنگی نێوان دەسەڵاتەکانی فیدراڵی و هەرێم. بۆیە پێویستی کاراکردنی بڕیاری ژمارە (١١) لەو سەردەمەدا کەمتر دەرکەوت. لە گەڵ ئەمەشدا ئەم بڕیارەش مایەوە تا نووسینی ئەم دێرانە سەرەڕای ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٣ و دواتر دەرچوونی دەستووری فیدراڵی لە ساڵی ٢٠٠٥.[1] پ.د.سەرهەنگ حمید بەرزنجی لە توێژینەوەیەکیدا ئاماژەی بەوە داوە کە: "ئێمەش بە نۆرەی خۆمان پشتگیری لەوە دەکەین کە ئەنجومەنی شورای هەرێم لەسەری رۆیشتووە لە رایەکەیدا سەبارەت بە لەدەستدانی ئامانجی دانانی بڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٢ لە ئێستادا، بەو پێیەی لە ئێستادا هەرێم یەکێکە لە یەکە بنەڕەتییەکانی پێکهێنەری یەکێتی فیدراڵی لە عێراقدا و کە هەرێم نوێنەری هەیە بۆ نوێنەرایەتیکردنی لە ئەنجومەنی نوێنەران فیدراڵی سەبارەت بە دەرکردنی یاساکانی سروشت فیدراڵی."[2]

[1] أ. م.د. هادی مسلم یونس شنگالی، نفاذ التشریعات العراقیة في إقلیم کوردستان: الإشکالات والحلول، بحث منشور في مجلة العقد الاجتماعي، عدد خاص، ٢٠٢١، ص٢٩٠ و ٢٩١ .

[2] الدکتور سرهنک حمید البرزنجي، التحدیات الناجمة عن عدم وجود تشریعات موحدة متکاملة بین اقلیم کوردستان و الحکومة الاتحادیة، بحث منشور في مجلة القانون و السیاسة، السنة الثانیة عشرة ، العدد (١٥)، ٢٠١٤، ص١٨١ .

لە ڕێکەوتی٢٣ /٢٠١٣/١٢، دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی هەردوو ڕای پێشووتری ئاماژە پێکراو لە سەرەوە، ڕایێکی نوێ دەرکرد بە ژمارە ٢٠١٣/٤٠ کە تیایدا هاتووە: لە کاتێکدا یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی 1986 (یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی سامانی دەوڵەت) یاسای بەرکار و کارپێکراوە لە هەرێمدا و بە پشتبەستن بە مادەی (دووەم)ی بڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی 1992 دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان مافی دەسەڵاتی هەرێمە تەشریعاتی تایبەت بە هەرێم دەربکات و ئەو تەشریعانەی کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە دەرچوونە بەرکار بکات یان بەرکار نەکات، و بۆ جێبەجێکردنی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی سامانی دەوڵەت ژمارە (21)ی ساڵی 2013 کە لە پەرلەمانی عێراق دەرچووە، پێویستە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یاسایەک دەربکرێت بۆ بەرکارکردنی.

پ.ی.د.هادی مسلم هۆکاری دەرکردنی ئەم رایە لە لایان ئەنجومەنی شورا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە دوای ساڵی 2013 دۆخەکە گۆڕا چونکە عێراق چیتر بە پرەنسیپی شەراکەت و کۆدەنگی و هاوسەنگی بەڕێوەنەچوو، بەڵکو لە ڕوانگەی کردارییەوە بە پرەنسیپی زۆرینە بەڕێوەدەبرا، و زۆر تەشریع دەرکران و زۆر بڕیار دران کە کاریگەرییان لەسەر مافەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت. جگە لەوەش زۆرێک لەو لایەنانەی کە لە پەرلەمان نوێنەرایەتیان هەیە، هەوڵدەدەن لایەنە فیدراڵیەکانی دەستوور بەدەر بکەن. بۆیە جارێکی دیکە پێویستی سەرهەڵدا بۆ پاراستن یاخود هێشتنەوەی بڕیاری ژمارە (11) و چالاککردنی زیاتری بەمەبەستی پێداچوونەوە بە هەموو ئەو شتانەی کە لەلایەن دەسەڵاتەکان لە عێراق دەردەچن پێش ئەوەی لە هەرێمدا جێبەجێ بکرێن. بۆیە لەژێر ڕۆشنایی ئەو داتایانە و بەو پێیەی ( نکۆلی ناکرێت کە بڕیارەکان لەگەڵ گۆڕانی کاتدا دەگۆڕدرێن)، ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ئەم رایەی دەرکردووە.[1] لەم رایانەی ئەنجومەنی شورا دەردەکەوێت کە شیکردنەوەیان بۆ کارا بوونی بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان بە پێی باروودۆخی سیاسی عێراق بووە کە دەبوایە شیکردنەوەیەکی یاسایی ووردتر بوایە و بە تێروانینی هەردوو خشتەی ژمارە (١ و ٣)ش دەردەکەوێت کە پەرلەمانی کوردستان بە هەردوو ڕای یەکەمی ئەنجومەنی شورای وەرنەگرتووە و لە ساڵانی ٢٠٠٧، ٢٠١٠، ٢٠١١ و ٢٠١٢ کاری بە بڕیاری ژمارە (١١) کردووە و یاسای بەرکارکردنی بۆ چەندین یاسای فیدراڵی دەرکردووە.

بەهەمان شێوە زۆربەی یاساناس و پسپۆرە یاساییە چاوپێکەوتنکراوەکان ڕایان وایە کە بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان هێزی یاسایی هەیە و تا ئێستاش بەرکارە و پێویستە کاری پێبکرێت. بۆ ڕایەکانیشیان پشتیان بە مادەی تەشریعی جیاواز بەستووە، بەم شیوەیەی خوارەوە:

پ. د.اسماعیل نامیق لە چاوپێکەوتنەکەی لە گەل توێژەران ئاماژەی بەوە داوە کە "بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان، هەموو هێزیکی یاسایی هەیە، ڕاستە بە ناوی بڕیارەوە دەرکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو ڕێوشوێنەکانی دەرکردنی یاسای تێدا پەیڕەوکراوە، کەواتە یاسایە و هێزی پابەندکەری یاسایی هەیە. مادەی (١٤١)ی دەستوور ڕاستە دەڵێت ئەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەرچوێندراون، واتە ووشەی یاسای بەکارهێناوە بەڵام نەیووتووە تە نها ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانەوە دەرچوون، واتە بەکارهێنانی زاراوەی یاسا لێرەدا بە مانای یاسای ئاسایی ( التشريع العادي) نایەت، بەلکو، هەموو ئەو بڕیار و سیستم و ڕێنماییانەش دەگرێتەوە کە لە ١٩٩٢ ەوە دەرکراون، نەك هەر ئەوە، بەلکو بڕیارەکانی حکومەت و دادگاکانیش کە لە مادەکەدا هاتوون هەر بە کارپێکراو دانراون."[2] بە هەمان شێوە پ.ی.د.ئالان بهاءالدين ڕای وایە کە بڕیاری ژمارە (١١) هێزی یاسایی هەیە چونکە ئەو بریارەی پەرلەمانی کوردستان بە قرار تشریعی

---

[1] أ. م.د. هادی مسلم یونس شنگالی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٩٤.

[2] پ. د. اسماعیل نامیق حسین (٢٠٢٤)، مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/٢٠.

حیسابە کە ئەمەش ڕێگە پێدراوە بەپێی مادده 77 و 78ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان. قرار تشریعی هەمان هێزی یاسای هەیە بۆیە ناوەڕۆکی مادە 141ی دەستوور دەیگرێتەوە کە باس لە یاساکانی پەرلەمان دەکات.[1]

بە بۆچوونی پ. د. علی عادل "سەبارەت بە ئاماژە نەکردن بە بڕیارە تەشریعیەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە مادەی (141)ی دەستوری عێراقی ساڵی 2005، دەبێت ئەوە بزانرێت کە پرۆسەی دەرکردنی بڕیارەکان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە هەمان قۆناغەکانی دەرکردنی یاساکانی تێدەپەڕێت، و ئەم بڕیارانە هێزی یاساکانیان هەیە، چونکە بڕیاری تەشریعین، و دەرکردنیان لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا ڕێکخراوە. پێویستە لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە بکرێت کە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەران نەداوە بۆ دەرکردنی بڕیاری تەشریعی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەنجوومەنی نوێنەران بڕیاری تەشریعی دەردەکات کە هێزی یاساییان هەیە."[2]
هەروەها پ.د. هیوا حیدری لە چاوپێکەوتنەکەی دا باس لەوە دەکات کە بڕیاری ژمارە (١١) "بڕیارێکی تەشریعیەپاڵپشت بە یاسای ژمارە(1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو دەرچووەبۆیەهێزی یاسایی تەواوی هەیەوەك بنەمایەك بۆ بەرکارکردنی یاسا ئیتیحادییەکان."[3] پ.د.رزگار محمد رای وایە بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان "هێزی یاسایی لە خودی دەستووری عێراقی وەردەگرێت کە دانی بەوە ناوە هەرێمەکان دەسەڵاتی تەشریعیی خۆیان دەبێت (ماددەی 121)، واتە خۆیان بۆ خۆیان کاروباری خۆیان ڕێك دەخەن بەپێی ئەو یاسایانەی ئەو دەسەڵاتە تەشریعییانەی خۆیان دەریان دەکەن، تەنها ئەو بوارانە نەبێت کە دەسەڵاتی حەصری دەسەڵاتە فیدراڵییەکانن." [4]

هەندێک لە یاساناسی دیکە بە شێوەیەکی ووردتر لێکدانەوەیان بۆ پاڵپشتی بەرکاربوونی بڕیاری ژمارە (١١) کردووە، بۆ نموونە پ.د. شورش حسن رای وایە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان کە ئێستا پێ دەگوترێت پەرلەمانی کوردستان بە پێی بڕگەی یەکەم لە مادە (٥٦)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢، دەسەڵاتی دانانی یاسای هەیە و هەروەها بۆ ڕێکخستنی کاروباری تەشریع لە هەرێمی کوردستاندا پاڵپشت بە بڕگەی دووەمی بڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٢، بڕیاری داوە کار بەو یاسایانە نەکرێت کە لە لایان حکومەتی ناوەندییەوە دەرچوونە یاخود دەردەچن لە داهاتوو مەگەر خۆی بڕیاری لەسەر بدات، بەو پێیەی کە دەسەلاتی پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتێکی یاسادانان بووە کە بە ئەمری واقع جێگیر بووە، بۆیە دەسەڵاتی یاسادانانی هەبووە و حەقی خۆیەتی چ یاسایەک کارپێدەکات و چ یاسایەک کار پێناکات. بەڵام هێزی ئەو بڕیارە بۆ ساڵی ١٩٩٢ تاوەکو ڕوخانی ڕژێمی ناوەند واتا تا ٢٠٠٣، کاریگەری خۆی هەبووە. دوای ٢٠٠٣ ئەو بڕیارە هێزی نامێنێت لەبەر ئەوەی دوای ٢٠٠٣ ئێمە بە ڕێکەوتن لە گەڵ حکومەتی ناوەند دەوڵەتێکی فیدراڵیمان دروست کردووە و بە ڕەزامەندی خۆمان و بە هاوبەشی لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستورمان داناوە و بە حکومەتی فیدراڵی رازی بووین و پابەند دەبین بە احکامی دەستوری. بۆیە بە پێی ڕێوشوێنە دەستورییەکان ئەو یاسایانەی دەچنە اختصاصی حصری حکومەتی اتحادی و لە حکومەتی اتحادی دەردەکرێن بۆ هەموو دەوڵەتە فیدراڵیەکەیە و ئیمەش لە کوردستان پێوەی پابەند دەبین. بە حوکمی ئەوەش کە دەستور دانی ناوە بە دەسەڵاتەکانی ئێمە و هەموو ئەو

[1] پ.ی.د. ئالان بهاءالدين عبدالله (٢٠٢٤)، مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقیيە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/١١.

[2] پ. د. علی عادل(٢٠٢٤)، سەرۆکی ناوەندی ڕاوێژی یاسایی و ستراتیژی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقیيە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/٦.

[3] پ. د. هیوا حیدری(٢٠٢٤)، راوێژکار لە ئەنجومەنی شورا، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقیيە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/٢٠.

[4] پ. د. رزگار محمد قادر (٢٠٢٤)، سەرۆکی گروپی یاسایی لە ئۆفیسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقیيە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/٨.

قانوونانەش کە لە لایان ئێمەوە دەرچوونە، دەسەلاتی یاسادانانی کوردستان بۆی هەیە لە دەرەوەی اختصاص حصری حکومەتی اتحادی کە لە مادە (١١٠)دا دیاری کراون، هەر یاسایەک جێبەجێ بکات ئەوانەی لە حکومەتی فیدراڵی دەردەچی یاخود لە وڵاتێکی تر و سوودی هەبێت بۆمان بە پەسەندکردنی لە پەرلەمانی کوردستان یان خۆی قانونێک دابنێ. بە واتایەکی تر دەتوانێت یاساکانی فیدراڵی کە لە اختصاص حصری حکومەتی فیدراڵی نین، جێبەجێ نەکات و پێوەی پابەند نەبی مەگەر خۆمان بمانەوە ئیشی لەسەر بکەین و جێبەجێی بکەین لە هەرێمی کوردستاندا.[1]

پ. د. عبدالله فاضل حامد پێی وایە بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان وەک بنەمایەکی یاسایی بەردەوام دەبێت بۆ مامەلەکردن لەگەل یاسا فیدرالیەکان بەلام بنەمایەکی نامۆیە و بەم شێوەیەی خوارەوە بۆچوونەکەی دەردەبرێت:[2]

- ل دەسپێکێ شێوازێ جێبەجێکرنا یاساێن عیراقی ل هەرێما کوردستانێ نامویە و نە یا تەندروستە، چونکی نابت بابەتەکی هوسا گرنگ و هەستیار ب بریارەکی بهێتە رێکخستن، ئانکو نە دەستورە و نە یاسا، تنێ بریارەکە، سەرەرای بورینا بتر ژ ٣٠ سالا ل سەر دەرچوونا وێ بریارێ و پەیدابوونا هەرێما کوردستانێ وەک قەوارەکی سیاسی و یاسایی.

- ب دیتنا من وەختێ بریارا ژمارە (١١) ل سالا ١٩٩٢ دەرچوویێ بو هندێ بوویە کو بنیاتەکی یاسایێ هەبت ژبوو مامەلە کرنێ دگەل یاساێن عیراقی ب شێوەکی کاتی تا هەرێما کوردستانێ ببتە خودانا دەستورێ هەمیشەیێ و هەر دەستوری دا مامەلە دگەل یاساێن عیراقی بهێتە دیارکرن ب تێر و تەسلی، ئانکو د هزرا دانەرێ ڤێ بریاری دا نەبوو کو ئەڤ هەمی سال دەربازبن و مامەلەکرن دگەل یاساێن عیراقی هەر ب ڤێ سادایا هاتی د بریارا ناڤبری.

- هەروەسا گومان پەیدادبت ل سەر رەوایا بریارا (١١) سالا ١٩٩٢ پشتی دانانا دەستورێ عیراقی ل سالا ٢٠٠٥، چونکی ئەڤ دەستورە یێ پاپەندە بو هەرێما کوردستانێ لەورا پیویست بوو هەر ئەڤ دەستورە ببتە بنیاتێ رێکخستنا بابەتی ب هەماهنگی و بەرچاڤ وەرگرتنا دەقێن دەستورێ هەرێمێ یێ کو تا نها دەرنەچوویە و هەر ئەڤ نەدەرچوونە بویە ئەگەرێ ڤی بارەدوخێ ناموو و نە تەندروست.

پ. د. عبدالله فاضل ئاماژە بەوەش دەکات کە بڕیاری ژمارە (١١) هیچ جیاوازیەکی لە نێوان یاساکان نەکردووە و دەلێت:" چ جێوازی نەهاتیە کرن دناڤبەرا یاسایا، هەمی یاساێن دەستوری و گشتی و تایبەت ب ئێک مامەلە هاتیە کرن، پێدڤی بوو جوداهی هاتبا کرن دناڤبەرا یاسایا دا، بو نموونە یاساێن تام دەستوری و گشتی هندەک توندی بەرامبەر جێبەجێکرنا وان هەبوویا و بەروڤاژی نەرمی هەبوویا بەرامبەر یاساێن تایبەت". و هەروەها سەبارەت بە مادە (١٤١) دەستور رای وایە " نە ئامەژەدانا مادا (١٤١) بو بریارێن پەرلمانێ هەرێما کوردستانێ و ژ وانا بریارا ژمارە (١١) رامانا هندێ نادەت کو دانپێدان پێ نە هاتیە کرن ژبەر ڤان هویا :١. بریارێن پەرلمانێ هەرێما کوردستانێ ساخلەتا یاسایێ (التشریع) وەردگرن و ل پێ رستا ئێکێ یا مادا (١٤١) کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دەرکراون بەردەوام دەبێت، ب دیتنا من بریارێن پەرلمانێ هەرێما کوردستانێ د کەڤنە ل بن حوکمێ ڤێ رستێ. ٢.ئەگەر مادا (١٤١) دانپێدانێ ب بریارێن حوکمەت و دادگەهێن هەرێما کوردستانێ دکەت یا فەرتر ئەوە دانپێدانێ بکەت ب بریارێن پەرلمانێ هەرێما کوردستانێ ب کەت (من باب اولی االعتراف بقرارات البرلمان.)" لە کۆتاییشدا دەلێت: "راستە ئێک ژ بریارێن دەرچووین ل هەرێما کوردسانێ بریارا ژمارە (١١) یە سالا ١٩٩٢، رەهایا حوکمێ مادا (١٤١) ژ دەستوری دانپێدانێ دکەت ب بریارا (١١) تنێ ئەگەر بەروڤاژی دەستوری نەبت، ئەڤەژی دمینت ل سەر بریارا دادگەها فیدرالی یا عیراقی ئەگەر بابەت بەرامبەر وێ هات بلندکرن. ب کورتی بریارا ژمارە (١١) دێ مینت بنیاتێ یاسایێ بو مامەلە کرنێ دگەل یاساێن عیراقی، لێ بنیاتەکێ پوختە و ناموویە."[3]

---

[1] پ. د. شورش حسن عمر(٢٠٢٤)، مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/٣.

[2] پ. د. عبدالله فاضل حامد(٢٠٢٣)، مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی دهۆک، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٣/١٢/٢٦.

[3] هەمان سەرچاوە.

بە بۆچوونی پ.ی.د. سۆران علی سەبارەت بەخاڵی دووەمی بڕیاری ژمارە(١١) ی سالی 1992 ی پەرلەمان واپێویست دەکات بەچەند خاڵێك وەڵامەکەچوارچێوەبکرێت:1[1]

1. کاتێك ئەم بڕیارەدەرچووەرێکخستنی دەستوری 2005 بەرکار وجودی نەبووە، و شتێك نەبووەبەناوی یاسای فیدرالی و یاسای هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەوەئەم بڕیارەچوارچێوەی کارکردنی لەرووی کاتەوەو بەو شێوەرەهایەی کەلەدەقەکە هاتووەتەنها لەکاتی بەرکاربوونییەوەدەست پێدەکات تا کاتی بەرکاربوونی دەستوری عێراق 2005 .

2. لەکاتی بەرکاربوونی دەستوری عێراقەوەیاسا ئاساییەکان لەعێراق لەنێوان دەسەڵاتی فیدرالی و هەرێمەکان بەم شێوەیە پۆلێن کراون (یاسای فیدرالی لەبواری تایبەتکاری حەسری، یاسای فیدرالی، یاساکانی هەرێم). لەبەر ئەوەبڕیاری ژمارە(11) ی پەرلەمانی کوردستان تەنها یاسای فیدرالی دەگرێتەوەنەك بەشێوەیەکی رەهایی بۆ هەموو یاسا دانراوەکان لەدەسەڵاتی فیدرالی.

3. سەبارەت بەم بابەتەدوو بۆچوونی ئەنجومەنی شورای کوردستان هەیەو بەچەند خاڵێك لێکدانەوەی بۆ کردووە.

4. سەبارەت بەوەی کەدەقی ماددەی (141) ی دەستوری عێراق باسی لەبریاری پەرلەمان نەکردووە، لێکدانەوەیکی تەواو وورد و دروست نییە، لەبەر ئەوەی بەئاشکرا باسی یاسای پەرلەمان کردووە، و دەسەلاتی دەرکردنی بریاریش لەلایەن پەرلە مانەوەبەیاسای خودی پەرلەمانی کوردستان رێگەپێدراوە.

دوای خستنەروو و تێروانینی رای ئەنجومەنی شورا و یاساناسان، پێمان وایە بڕیاری ژمارە(11) ی پەرلەمانی کوردستان لە رێکەوتی دەرچوونیەوە هێزی یاسای هەبووە و تا ئێستاش بەرکارە پالپشت بە دەقە یاساییەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و دەستوری عێراق. پێویستە بگووترێت کە بڕیاری ژمارە(11) هەمان هێزی یاساکانی هەیە. بە پێی مادە (٧٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو، دەرکردنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان و هەموارکردنیان بە یاسادانان دادەنرێت. لەم مادەیەدا هاتووە مەبەست لە یاسادانان دەرکردنی یاسا و بڕیار، هەموارکردنی یاسا و بڕیارە کارپێکراوەکان، و بەرکارکردن یان هەموارکردنی کارپێکردنی یاسا فیدراڵیەکانە. هەروەها لە مادەکانی (٧٨-٩٨) کە باس لە پرۆسەی یاسادانان دەکرێت، هەر لە قۆناغی پێشنیازکردنی یاسا و بڕیار تا دەرچواندنیان یان رەتکردنەوەیان لە لایان سەرۆکی هەرێم و بڕیاری کۆتایی پەرلەمان لەسەریان، دەردەکەوێت کە رێکارەکانی دەرکردنی بڕیارەکانی پەرلەمان هەمان رێکارەکانی دەرکردنی یاساکانن، تەنها بە جیاوازیەکی زۆر کەم لە هەندێک قۆناغدا نەبێت. و هەرچەندە مادده(141) ی دە ستوری عێراق بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە بڕیارەکان پەرلەمان نەداوە، بەڵام دەقی لەسەر ئەوە داوە کە کارکردن بە یاساکانی پەرلەمان و بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان- ئەوانەی لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دەرکراون، بەردەوام دەبێت مەگەر هەموارکرابن یان هەڵوەشێنرابن لە لایان دەسەلاتەکانی هەرێمی کوردستان، بە مەرجێک پێچەوانەی دەستوریش نەبن. پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە لە مادەکەدا دەستەواژەوی 'حکومەتی هەرێمی کوردستان' بە مانا فراوانەکەی (هەرێمی کوردستان) بەکارهاتووە چونکە بڕیارەکانی دادگا لە لایان دەسەلاتی دادوەرییەوە دەردەچن نەک حکومەتی هەرێم. هەروەها لە مادەکەدا ووشەی لەوانەش (بما فيها) بەکارهاتووە کە مانای ئەوە دەگەیێنێت بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان وەک نموونە بەکارهاتوون و دەکرێت بڕیارەکانی پەرلەمانیش لەخۆ بگرێت کە لە هەرێمی کوردستان دەرکراون. کەواتە بڕیارەی ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان بەرکارە و دوای دەرچوونی دەستوری ٢٠٠٥یش پێویستە کاری پێبکرێت بۆ ئەو یاسایانەی ناکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی کە لە مادە (١١٠)ی دەستوردا ئاماژەیان پێکراوە، پالپشت بە مادە (١١٥)ی دەستوری عێراق.

### باسی سێیەم

### تایبەتمەندی دەرکردنی یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسا عێراقییەکان لە هەرێمی کوردستان

ڕاستە دەستوری هەمیشەیی عێراق بە ڕاشکاوی تایبەتمەندی دەرکردنی یاسای بەرکارکردنی یاسا فیدراڵیە نوێیەکانی نەداوەتە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام بە ڕاشکاوی مافی هەموارکردنی جێبەجێکردن یاخود هەموارکردنی پیادەکردن (تعدیل

[1] پ.ی.د. سۆران علی(٢٠٢٤)، پسپۆری یاسای دەستوری، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە رێکەوتی: ٢٠٢٤/١/١.

تطبيق)ی یاسای فیدراڵی لە هەرێمدا پێی داوە لە هەندێک باردا. لە بڕگەی دووەمی مادە (١٢١)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: "دەسەڵاتی هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکردن (تعدیل تطبیق)ی یاسای فیدراڵی لە هەرێمەکەدا هەیە ئەگەر ناکۆکی یان دژیەکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێک کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی."

بە سەرنجدانی خشتەی ژمارە (٢) بۆمان روون دەبێتەوە کە پەرلەمانی کوردستان، وەک تایبەتمەندیەکی دەستوری کە لە بڕگەی دووەمی مادە (١٢١)ی دەستوردا هاتووە، لە خولی یەکەم تا کۆتایی خولی پێنجەم دە (١٠) یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای فیدراڵی دەرکردووە، بەڵام گشتیان بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسا فیدراڵیانە بووینە کە پێش رێکەوتی ١٩٩١/١٠/٢٢ دەرکراون، بۆیە دەتوانین بلێن بەم کارە لادان لە بڕگەی دووەمی مادە (١٢١)ی دەستور بەدی دەکرێت. واتا ئەم بڕگەیە تەنها لە کاتی بوونی ناکۆکی یان دژیەک لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا، مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی بە هەرێم داوە، بەڵام لەو دە (١٠) هەموارانەی کە ئەنجام دراون هەرێم خاوەنی هیچ یاسایەکی پەیوەندیدار بەم بابەتانەوە نەبوو و هیچ ناکۆکیەکی یاساییش بوونی نەبووە.

خشتەی ژمارە (٢): ژمارە و ساڵ و ناوی یاساکانی هەمواری پیادەکردنی یاسای فیدراڵی دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان لە خولی یەکەم تا کۆتایی خوولی پێنجەم

| ژمارە و ساڵی دەرچوونی یاسا | ناوی یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای فیدراڵی |
|---|---|
| ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ | یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق |
| ژمارە(١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ | یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقافی عێراقی ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق |
| ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٢١ | یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٨٤ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق |
| ژمارە (3)ی ساڵی 2015 | یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق |
| ژمارە(4)ی ساڵی2012 | هەموارکردنی یاسای پیادەکردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971ی هەموار کراو لەهەرێمی کوردستان- عیراق |
| ژمارە(9)ی ساڵی ٢٠٠٨ | یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوبەرەژمارە(87)ی ساڵی 1979ی هە موارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق |
| ژمارە(15)ی ساڵی 2008 | یاسای هەموارکردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە(188)ی ساڵی (1959)ی هە موارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق |
| ژمارە(24)ی ساڵی ٢٠٠٧ | یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی زەوی عەرەسەژمارە(26) ی ساڵی 1962ی هە موارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عیراق |
| ژمارە(25) ی ساڵی ٢٠٠٧ | یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارەی ساڵی 1959 ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عیراق |
| ژمارە(26) ی ساڵی ٢٠٠٧ | یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە(113)ی ساڵی (1982)ی هە موارکراو لەهەرێمی کوردستان – عیراق |

سەرچاوە: نووسەران بە سوود وەرگرتن لە وێب سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان

هەروەها پەرلەمانی کوردستان لە ساڵانی٢٠١٢، ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ چوار (٤) یاسای بەرکارکردن وهەمواری پیادەکردنی بۆ ئەو یاسا فیدراڵییانە دەرکردووە کە لە دوای رێکەوتی ١٩٩١/١٠/٢٢ دەرچوونە (هەروەک لە خشتەی ژمارە (٣) دەردەکەوێت)، واتا لە

هەمان کاتدا هەمر یاسا فیدراڵە نوێیەکانی بەرکار کردووە و هەمیش هەندێک لە بڕگە و مادەکانیانی هەموار کردووتەوە، بە بێ ئەوەی هیچ ناکۆکیەکیان هەبێت لە گەل یاساکانی هەرێمی کودستان و بەمر هەموارانەش ڵادان لە بڕگەی دووەمی مادە (١٢١)ی دەستور بەدی دەکریت.

خشتەی ژمارە (٣): ژمارە و ساڵ و ناوی یاساکانی بەرکارکردن وهەمواری پیادەکردنی یاسای فیدراڵی دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان لە خولی یەکەمر تا کۆتایی خوولی پێنجەمر

| ژمارە و ساڵی دەرچوونی یاسا | ناوی یاسای بەرکارکردن وهەمواری پیادەکردنی یاسای فیدراڵی |
|---|---|
| ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ | یاسای بەرکارکردن وهەمواری پیادەکردنی یاسای واژۆی ئەلیکترۆنی ومامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان-عێراق |
| ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ | یاسای بەرکارکردن وهەمواری پیادەکردنی یاسای ڕەسمی پولی ئیتحادی ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢ لەهەرێمی کوردستان-عێراق |
| ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١ | یاسای بەرکارکردن وهەمواری پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاوی عێراقی ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراو |
| ژمارە(16)ی ساڵی2012 | یاسای جێبەجێکردن و هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە(33)ی ساڵی 1998 لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق |

سەرچاوە: نووسەران بە سوود وەرگرتن لە وێب سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان

بۆیە لێرەدا پرسیارێکی تری گرنگ دروست دەبێت کە ئایا هەرێمر تەنها لە کاتی بوونی ناکۆکی یان دژیەکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی هەیە؟ لەمر بارەدا بڕیاری ژمارە (١١) چ بەهایەکی دەبێت؟

بۆ گەیشتن بە وەڵامر، ئەمر پرسیارەش ئاراستەی یاساناسە چاوپێکەوتنکراوەکان کراوە. زۆربەیان ئەو بۆچوونەیان هەیە کە بە بوونی بڕگەی (دووەمر)ی ماددەی (121)، مەرجی بوونی دژیەکی لەنێوان یاساکانی هەرێم و فیدراڵی، بۆ ئەوەی هەرێمر بتوانێت هەمواری جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی بکات زیادەیە و لە ڕووی مەنتقی یاسایی و واقعییەوەبێ مانایە.

بۆ نموونە، پ.د. علی عادل لە چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە بڕگەی (دووەمر)ی ماددەی (121)ی دەستووری عێراقی ساڵی 2005 دەقێکی ڕوون و ئاشکرایە، چونکە ناکرێت دەقی بڕگەی (دووەمر)ی ئەو مادەیە بە دابڕان لە دەقی بڕگەی (یەکەمر)ی هەمان مادده جێبەجێ بکرێت. ڕوونکردنەوە بۆ ئەمەش ئەوەیە کە بڕگەی (یەکەمر)ی ئەمر مادەیە دەسەڵاتی ڕەسەنی بە هەرێمەکان داوە بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان لە هەموو بابەتەکاندا کە ناچنە چوارچێوەی دەسەڵاتی تایبەتی دەسەڵاتی فیدراڵی. ئەمر بابەتە گرنگترە لەوەی کە لە بڕگەی (دووەمر)ی هەمان مادەدا هاتووە، چونکە بڕگەی (دووەمر) تەنیا پشتڕاستکردنەوەی هەندێک لەو شتانەیە کە لە حوکمی بڕگەی (یەکەمر)ی مادەکەدا هاتووە، بەو پێیەی سنووردارە بۆ ڕوونکردنەوەی حالەتی بوونی ناکۆکی لە نێوان دوو دەق لە یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمر. لە ڕوانگەی دارشتنەوە، ئەگەر مادەی (١٢١)ی دەستوور بڕگەی (دووەمر)ی تێدا نەبووایە، کێشەیەک لە جێبەجێکردندا دروست نەدەبوو، بەو پێیەی گشتیی بوونی دەقی بڕگەی (یەکەمر)ی ئەمر مادەیە بێ گومان ئەوەی باسکراوە لە بڕگەی (دووەمر)ی هەمان مادەدا لەخۆدەگرێت، بەو پێیەی دەسەڵاتی هەرێمر بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان لە هەموو بابەتێکدا کە ناچنە ناو دەسەڵاتە تایبەتییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی، بێگومان دەسەڵاتی هەرێمر لە هەمواری جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵیەکانیش لەخۆ دەگرێت کە ناچنە ناو دەسەڵاتی تایبەتییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی.[1]

[1] پ. د. علی عادل، سەرچاوەی پێشوو.

**بە هەمان شێوە پ. د. اسماعيل نامیق رای وایە کە ئەم بڕگەیە بوونی زیادەیە و هەر پێویست نیە. چونکە بەپێی بڕگەی یەکەمی هەمان مادە دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی دانانی یاسایان هەیە. مادام مافی دانانی یاسایان هەیە، دەتوانن سوود لەو یاسایانە وەربگرن کە حکومەتی فیدراڵ دایدە نێت، جا بە پەیڕەوکردنی بێهەموار بێت، یان بە هەموارەوە بێت. کێشەی سەرەکی ئەوەیە لە عێراقدا سیستمی فیدراڵی تەواوەتی بوونی نیە، چونکە لە سیستمی فیدراڵیدا پەرلەمانی فیدراڵ تەنها ئەو یاسایانە دادەنێت کە سروشتی فیدراڵیان هەیە و دەبێت بەسەر هەرێمەکاندا جێبەجێ بکرێن، یاساکانی دیکە بەجێ دەهێڵرێت بۆ هەرێمەکان خۆیان.[1] رای پ. ی. د.ئالان بهاءالدین لە چاوپێکەوتنەکەیدا ئەوەیە کە "نەخێر لە هەموو بابەتێک کە نەچێتە ژێر باری دەسەڵاتی حصری اتحادی، هەرێم بۆی هەیە یاسای خۆی هەبێت بەپێی بڕگە 1 لە مادە 121. بڕگە 2 لە هەمان مادده تەنها تاکید دەکاتەوە لەوەی کەوا هەرێمەکان دەتوانن هەمان یاسای اتحادی بێنن و لای خۆیان جێبەجێی بکەن و ئەگەر ناکۆکیش بوو لەگەڵ دەقێکی یاسای هەرێم ئەوا دەتوانن بیگۆڕن و دەستکاری بکەن بەپێی بەرژەوەندی هەرێم ئەمەش پێی دەگووترێ تعدیل تطبیق."[2] هەروەها پ.د.هیوا حیدری ئاماژەی بەوە داوە کە "بێ گومان دەقەکەهە روا دەبێت چونکەدەقی دەستورێکی ئیتحادیەناکرێ باسی بەرکارکردنی یاسا ئیتیحادییەکان بکات لەهەرێمێکی ئیتیحادی بە ڵکو لەسەر بنەمای جیاوازیکردن لەنێوان دەسەڵاتەحەسرییەکانی ناوەند و دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان دامەزراوەبەجۆرێك پێشەنگی دراوەتەهەرێمەکان لێرەوەش هەرێمی کوردستان مافی بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی هەیەئەگەر بەپێویستی زانی بۆ رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان."[3]**

**هەندێک لە یاساناسی دیکە پێیان وایە کە ئەو مەرجەی لە بڕگەی دووەمی مادە (١٢١)دا هاتووە جێبەجێکردنی زەحمەتە و مەرجێکی نامۆیە و جێی پرسیارە.**

**بۆ نموونە، پ.د. شورش حسن رای وایە کە بڕگەی یەکەمی مادە (١٢١) ی دەستور بە صریحی دانی ناوە بەوەی کە دەسەڵاتەکانی هەرێم مافیان هەیە لە پیادەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، بەڵام یاسادانەری دەستور، بە هەڵەی لایەنی کوردی بووبێت یاخود بە هەڵەی لایانی عێراقی یاخود تێنەگەیشتنیان بووبێت لە بارودۆخەکە هاتوون ئەو دەقەیان خستووتە ناو دەستور لە بڕگەی دووەم کە دەڵێت دەسەڵاتی هەرێم بۆی هەیە کەوا هەمواری جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵیەکان بکات لە هەرێمدا ئەگەر هاتوو تناقض یان تعارض هەبوو لە نێوان قانونی اتحادی و قانونی اقلیم دەربارەی بابەتێک کە ناچێتە چوارچێوەی اختصاصی حصری حکومەتی اتحادیەوە. خۆی بڕگەی دووەم، بڕگەیەکی زیادەیە و پێویست ناکات چونکە بڕگەی یەکەم جێی ئەمە دەگرێتەوە و بە پێی بڕگەی یەکەم هەرێم دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە و دەسەڵاتی یاسادانانی کوردستان بۆی هەیە هەر قانونێک دانێت و هەر قانونێک لە قانونەکانی حکومەتی اتحادی بێنێت لێرە ئیشی پێ بکات، وەکو خۆی ئیشی پێ بکات یان گۆڕانکاری تێدا بکات لەبەرئەوەی دەسەڵاتی یاسادانانە بە مەرجیک ئەم بابەتە نەچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتە حصرییەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە. بۆیە بڕگەی دووەم بە بڕوای ئێمە بڕگەیەکە حەشر کراوتە ناو دەستوری عێراق و بە راستی بە نەزانی دانراوە لەگەڵ رێزمان بۆ دانەرانی دەستور، برگەیەکە کە هیچ شتێک اضافە ناکات و ناتوانی هیچ شتێکی پێ حەل کەی چونکە تطبیق کردنیشی زەحمەتە لەبەر ئەوەی ئەلێ لە حالەتێک دەتوانێ تعدیل لە تطبیقی قانونی اتحادی بکرێت ئەگەر تعارض هەبێت لە نێوان قانونی اتحادی و قانونی هەرێم، ئێ خۆی ئەگەر لە هەرێم قانونێک هەبێت، ئێمە پێویستیمان بەوە نیە بچین قانونی اتحادی بینین و لێرە ئیشی پێ بکەین، یعنی سەیری نصی مادەکە دەکەین دەبینی پەشۆکاویەکی پێوە دیارە و اصلا زیادە و پێویست ناکات. محکمەی اتحادی علیا خۆشی لە بڕیارەکانی ژمارە (٢٣٠) ی ساڵی ٢٠٢٢ و ژمارە (١٧٨)ی ساڵی ٢٠٢٣، رای جیاوازی هەیە لەسەر ئەو تعدیلاتانەی کردوومانە لەسەر قانونە اتحادییەکان، لە یەکیکیان دەڵی پێچەوانەی دەستورە، لەوەی تر دەڵێ پێچەوانەی بڕگەی دووەمی مادە (١٢١) کە شرطەکانی تیا نەهاتووتە دی، کەواتە لە دوو بڕیار دوو هەڵوێستی جیاوازی هەیە لە کاتێکدا هەردووکیان تعدیلن لە تطبیقی قانونی اتحادی. بۆیە لێرەشدا پێویستمان بە بڕیاری ژمارە (١١) نیە بۆ تطبیقی**

[1] پ. د. اسماعيل نامیق، سەرچاوەی پێشوو.

[2] پ. ی. د.ئالان بهاءالدین، سەرچاوەی پێشوو.

[3] پ.د.هیوا حیدری، سەرچاوەی پێشوو.

قانونی اتحادی بەلکو بە پێی بڕگەی یەکەمی مادە (١٢١) وەکو سلطەی تشریعی اعترافمان پێکراوە بۆمان هەیە هەر قانونێک دابنێین جیاواز لە قانونەکانی اتحادی بە مەرجێک لە دەرەوەی تایبەتمەندی حصریيەکانی حکومەتی فیدراڵی بێت.[1]

هەروەها لە چاوپێکەوتنەکەیدا پ.د. عبدالله فاضل دەڵێت: حوکمێ ڤێ برگێ یا روونە کو دەستهەلات بو هەرێما کوردستانێ هاتیە دان هەر یاسایەک ل عیراقێ دەربچت وەکی خو جێبەجێکەت یان دەقان هەموار بکەت ئەگەر هەڤدژبت دگەل دەق و یاسایێن هەرێمی. ل پێ دەقێ مادا (١٢١) هەرێمێ تنێ دەستهەلاتا هەموارکرنێ هەیە ل وەختێ ناکوکیێ دگەل یاسایێن هەرێمێ، لێ ل پێ بریارا ژمارە (١١) سالا ١٩٩٢ هەرێمێ دەستهەلاتەکا رەها هەیە ژبوو راستڤەکرنا هەر یاسایەکا عیراقی، ل ڤێرێ جارەکا دێ بهایێ بریارا ناڤبری دهێتە بەر باس ل بن سیبەرا دەستورێ عیراقێ و مادا (١٢١)، لێ یا قورسە ئەم بێژن ئەولەویەت بو حوکمێ بریاریە، و ل هەمان وەخت دا یا قورسە هەرێم پاپەندبیت ب یاسایەکی یان دەقەکی بێ کو مافێ پێداچوونێ هەبت، لەورا ئەم بێ رژدن ل سەر نامووبا بابەتی و پێدڤیا رێکخستنێ د دەستورێ هەرێمێ دا بێ چاڤەرێکری. یا سەیر ل مادا (١٢١) ئەوە کو تنێ باسێ دەستهەلاتا هەموارکرنا یاسا هەڤدژ دکەت بو هەرێمێ، بەلێ دەستهەلاتا کاراکرنا یاسایێ د بنیات دا باس لێ نە هاتیە کرن، ئەڤەژێ کێماسیەکە ل دەستوری و مادا (١٢١). ب کورتی کێماسی ل مادا (١٢١) یا هەی هەروەسا نەروونی یا هەی سەبارەت پەیوەندیا د ناڤبەرا مادا (١٢١) و بریارا ژمارە (١١) سالا ١٩٩٢، ب دیتنا من حوکمێ بریارا (١١) رادوەستت ب هەبوونا مادا (١٢١) سەرەرایێ کەم و کوریا و کێمکرنا دەستهەلاتا هەرێما کوردستانێ د ڤی بواری دا.[2]

پ.ی.د. سۆران علی رای خۆی بەم شێوەیە دەربڕیوە کە: سەبارەت بەماددەی 121/دووەم، بەبۆچوونی من ناکرێت بەتەنها سەیری ئەم بڕگەیەبکرێت تاوەکو لەسیاقی تەواوی ماددەپەیوەندارەکان خوێندنەوەی بۆ نەکرێت، ئەگەر نا، ئەوا تێگەیشتن لەم بڕگەیەتەواوی سەربەخۆیی یاسادانانی هەرێم دەخاتەدژیەکی و بازنەیەکی خولاوی بێ ئەنجامەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وەڵامی خۆم کورت دەکەمەوەبەم شێوەیە: هەرێمی کوردستان مافی یاسادانانی هەیەلەتەواوی ئەو بابەتانەی ناکەونەدە سەڵاتەحەسرییەکان. لەحاڵەتێکدا ئەگەر یاسایەك لەبوارێکی هاوبەشدا دژیەکی هەبێت لەنێوان هەرێم و فیدرالی، ئەوا ئە ولەویەت بۆ یاسای هەرێمە. لەحاڵەتی نەبوونی یاسای هەرێم لەبوارێکدا دەکرێت یاسای فیدرالی بەرکار بکرێت. ئەگەر هە رێم ویستی یاسایەکی فیدرالی بەرکار بکات و هەمواری بکات، پێویستەیاسایەکی هەرێم دابنێت لەو بوارەو پاشان ویستی هەر گۆرانکارییەك بکرێت لەیاساکەی هەرێم بکرێت نەك فیدرالی. و مەرجی بوونی دژیەکی لەنێوان یاسای هەرێم و فیدرالی، بۆ ئەوەی هەرێم بتوانێت هەمواری جێبەجێکردنی یاسای فیدرالی بکات، لەرووی مەنتقی یاسایی و واقعییەوەبێ مانایە، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەرێم یاسایەکی هەبێت لەبوارێکدا کەحەسری نەبێت بۆ دەسەڵاتی فیدرالی و لەهەمان کاتدا یاسایەکی فیدرالیش هەبێت، چی پێویست دەکات هەرێم یاسا فیدراڵییەکەهەموار بکات؟ بەڵکویاساکەی خۆی جێبەجێ دە کات و ئەگەر دژیەکیش بوونی هەبێت ئەوا ئەولەویەت بۆ یاساکەخۆیەتی.[3]

لە ڕوانگەی پراکتیزەکردنی دادوەریشەوە، ئەگەر سەیری بڕیارەکانی دادگای باڵای ئیتیحادی بکەین، هەروەک پ.د. شورش لە چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژەی پێداوە، دەبینین ئەم دادگایە دوو بۆچوونی جیاوازی هەیە سەبارەت بەو هەموارە جێبەجێکردنانەی کە هەرێمی کوردستان بۆ یاسا فیدراڵییەکان کردوویەتی. بۆ نموونە لە کەیسێکدا کە تایبەت بوو بەو تانەیەی کە دادگای باری کەسیەتی هەلەبجە پێشکەشی کردبوو سەبارەت بە نادەستوری بوونی مادە (١٨) لە ((یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨- یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان)) کە مادە (چل/بڕگەی ٥)ی لە یاسای باری کەسیەتی فیدراڵی هەموارکردبوویەوە، دادگای باڵای ئیتیحادی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٣٠ بە ژمارە: ٢٣٠/اتحادية/٢٠٢٢ بڕیاری دا بەوەی هەمواری ئاماژە پێکراو واتا مادە (١٨) پێچەوانەی احکامی شەریعەتی ئیسلامییە و بەو پێیەی لە مادە (٢/أ) دەستوری عیراقی ٢٠٠٥دا هاتووە (نابێت یاسایەک

[1] پ.د. شورش حسن، سەرچاوەی پێشوو.
[2] پ.د.عبدالله فاضل، سەرچاوەی پێشوو.
[3] پ.ی.د. سۆران علی، سەرچاوەی پێشوو.

دابنرێت لەگەڵ حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام ناتەبا بێت) بۆیە ناکۆکە لە گەل حوکمەکانی دەستور و مادەیەکی نادەستوریە. بڕیارەکە بە زۆرینە و بە سەرۆکایەتی دادوەر جاسم محمد عبود دراوە.

دادگای باڵای ئیتیحادی لە کەیسێکی دیکەدا سەبارەت بە یاسای ژمارە (٤٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی کوردستان، بڕیارێکی جیاواز لە بریاری پێشووتری دەرکرد. ئەم یاسایە کە یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی بوو، بڕگەی (١)ی مادە (٤٠٨) یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراوی لەکارخستبوو کە تایبەت بوو بە تاوانی هاندان یان یارمەتیدانی خۆکوژتن و بڕگەیەکی دیکەی لە جیاتی دانابوو و دەستەواژەی (بوون بە هۆکاری خۆکوشتن)یشی بۆ زیاد کردبوو. دادگای باڵای ئیتیحادی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/١٥ بە ژمارە: ١٧٨/اتحادية/٢٠٢٣ بڕیاری دا بە نادەستوری بوونی یاسای ژمارە (٤٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی کوردستان و نادەستوری بوونی دەستەواژەی (بوون بە هۆکاری خۆکوشتن) هاتوو لە مادە (١)ی یاساکە. ئەم بڕیارەش بە زۆرینە و بە سەرۆکایەتی دادوەر جاسم محمد عبود دراوە. لەم بڕیارەدا هاتووە کە هۆکاری نادەستوری بوونی ئەم یاسایە بۆ لادانی لە بڕگە (٢)ی مادە (١٢١)ی دەستووری عێراق دەگەڕێتەوە، چونکە بە پێی بڕگەی ئاماژەپێکراو بۆ ئەوەی هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکەردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێم هەبیت دەبێت دوو مەرج سەرەکی بێنە دی، ئەوانیش: ١. بوونی ناکۆکی یان دژیەکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێم؛ ٢. ناکۆکی یان دژیەکیەکە لەسەر بابەتێک بێت کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی. هەروەها لە بڕیارەکەدا هاتووە ئەگەر ئەم دوو مەرجانە نەبوون یان یەکێکیان نەبوو، دەسەڵاتەکانی هەرێم ناتوانن هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاساکانی فیدراڵی بکات. بۆیە هەمواری مادە (٤٠٨)ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو لە لایان پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاسای ژمارە (٤٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی هەرێمی کوردستان، پێچەوانەی مادە (١٢١/دووەم)ی دەستوری عێراقە و نادەستووری.

ئەگەر تێبینی هەردوو بڕیارەکانی دادگای باڵای ئیتیحادی بکەین، دەبینین هەردووکیان بە سەرۆکایەتی هەمان دادوەر دەرچووینە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، بەڵام بۆچوونەکان جیاوازن. لە بڕیاری ژمارە: ١٧٨/اتحادية/٢٠٢٣ پشت بە دەقێکی دەستوری مەترسیدار بۆ دەسەلاتی یاسادانانی هەرێم بەستراوە کە ئەویش بڕگە (٢)ی مادە (١٢١)ی دەستووری عێراقە و بە بیانۆی نەهاتنەدی مەرجی یەکەمی ناو ئەم بڕگەیە - نەبوونی ناکۆکی یان دژیەکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێم - بریاری داوە بە نادەستوری بوونی یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی (یاسای ژمارە (٤٢)ی ساڵی ٢٠٠٤) کە لە لایان پەرلەمانی کوردستان دەرچووە. بە واتایەکی تر، لەبەرئەوەی لەم کەیسەدا یاسایەکی هەرێم و یاسایەکی فیدرڵی بوونیان نیە، بەلکو تەنها یاسای فیدراڵی هەیە، بڕیار دراوە هەرێمی کوردستان لەم بارەدا مافی دەرکردنی یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵیی نیە. ئەوەی جێگای مەترسییە ئەوەیە کە دادگای باڵای ئیتیحادی بەردەوام بێت لەم ڕێچکەیە و ئەو بڕیارە بکاتە بنەمای بڕیاردان بۆ کەیسەکانی ئایندە چونکە هەموو ئەو یاسایانەی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵیەکان کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردوون، مەرجی ئاماژەپێکراویان تێدا ناهێتەدی و دادگای باڵای ئیتیحادی دەتوانێت بەو بیانویە بڕیار بدات بە نادەستوری بوونیان. خۆی لە واقعیشدا ئێمە هەموار لە هەر یاسایەکی فیدراڵی بکەین ئەم مەرجە نایەتەدی چونکە تەنیا یاسا فیدراڵیەکە هەیە و دەکرێت بە نادەستوری دابنرێت. بۆیە پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە راستە زۆربەی چاوپێکەوتنکراوەکان بۆچوونیان وایە بوونی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (121) دەستور زیادەیە و لەرووی مەنتقی یاسایی و واقعییەوەبێ مانایە، بەڵام لە راستیدا دەقێکی دەستورییە و بەرکاریشە و ناکرێت بە نەبوون ئەژمار بکرێت، بەڵکو لە رووی دەستورییەوە بوونی دژیەکی لەنێوان یاساکانی هەرێم و فیدراڵی مەرجێکە بۆ ئەوەی هەرێم بتوانێت هەمواری جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی بکات، سەرەرای ئەوەی بە مەرجێکی نالۆجیکی دایدەنێن و وا پێویست بوو لایەنە کوردییەکان لە کاتی دەقنووسکردنیدا وورییانەتر هەڵسوکەوتیان کردبا.

## بەشی دووەم

## نموونەی چەند یاسایەکی تایبەتی هەڵوەشێنراو لە عێراق و بەرکار لە هەرێمی کوردستان و حوکمی کارپێکردن بەم جۆرە یاسایانە

لەم بەشەدا، سەرەتا چەند یاسایەکی تایبەتی هەڵوەشێنراو لە عێراق و بەرکار لە هەرێمی کوردستان وەک نموونە دەخرێنەروو کە هەر یەکە لە یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی و یاسای کار لەخۆ دەگرێت، و دواتر حوکم و ڕادەی ڕەوایەتی کارپێکردن بەم جۆرە یاسایانە بە پێی بۆچوونی یاساناسان و پراکتیزەکردنی دادگاییەوە باسی لێوە دەکرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

### باسی یەکەم

### نموونەی چەند یاسایەکی تایبەتی هەڵوەشێنراو لەلایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەرکار لە هەرێمی کوردستان

ژمارەیەک یاسا هەن کە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوەشێنراون بە دەرکردنی یاسای نوێ، بەڵام لە هەرێمی کوردستان هەر بە بەرکاری ماونەتەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین دوو لە یاسا تایبەتەکان کە یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی و یاسای کارن وەک نموونە بخەینەروو و بە کورتی جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان یاسا هەڵوەشێنراوەکان و یاسا نوێییەکان روون بکەینەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم: یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی:**

لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و تێپەربوونی کات زۆر جار وا پێویست دەکات کە یاساییەکان بگۆردرێن بە مەبەستی گۆنجانیان لەگەڵ گۆرانکاری و پێشهاتەکاندا. یەکەم یاسای تایبەت بۆ رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٦٠ دەرچوو کە یاسای رێکخستنی بریکارنامە بازرگانییەکانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٦٠ بوو. پەرلەمانی عێراق چەندین یاسای دیکەی بۆ رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی دەرکردووە کە هەر یەکێکیان یاسای پێش خۆی هەڵوەشاندووتەوە بەم شێوەیە: یاسای رێکخستنی بریکارنامە بازرگانییەکانی ژمارە (٢٠٨)ی ساڵی ١٩٦٩، یاسای رێکخستنی بریکارنامە و نێوانکاری بازرگانی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٨٣، یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٩٤، و یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٠٠. هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ یاسایەکی دەرکرد بە ناوی یاسای ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٠٧/ یاسای جێبەجێ کردنی یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی فیدراڵی ژمارە(51)ی ساڵی 2000 لەهەرێمی کوردستان، بەمەش یاسای ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٠٠ لە هەرێم بەرکار کرا و تا کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەش کارپێکردنی بەردەوامە، سەرەرای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سالی ٢٠١٧ یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی ژمارە(٧٩)ی ساڵی 20١٧ی دەرکردووە کە لە مادە (٢٢)یدا بە ڕاشکاوی یاسای ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٠٠ ی بەرکار لە هەرێمی هەڵوەشێنرایتەوە. بۆیە بە کورتی بەراوردێک دەکرێت لە نێوان ئەحکامەکانی یاسای ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٠٠ی بەرکار لە هەرێم و هەڵوەشاوە لە عێراق لەگەل یاسای ژمارە(٧٩)ی ساڵی 20١٧ی بەرکار لە عێراق، بەم شێوەی خوارەوە:

لە رووی رواڵەتییەوە، یاسای ژمارە (٥١) لە مادەی یەک باس لە ئامانجی یاسایەکە دەکات و مادەی دووی تەرخان کردووە بۆ ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانجەکە و هەروەها لە مادەی سێ مەبەستی هەندێک لە دەربرینەکانی روون کردووتەوە. لە کاتێکدا، یاسای ژمارە(٧٩) لە مادە یەک مەبەستی ووشەکان، و لە مادە دوو ئامانجی یاساکە و لە مادە سێ ئامرازی گەیشتن بە ئامانجی یاساکە دیاری دەکات، کە ئەم شێوازەش زیاتر باوە لە یاسا دەرچووەکاندا. لە لایەنی بابەتییەوە، مادەی چوار لە هەردوو یاسایەکە تایبەتەن بە مەرجەکانی دانی مۆڵەت بە بریکاری بازرگانی بەلام بە رێکخستنێکی جیاواز. سەرەکی ترین خاڵی جیاوازی هەردوو یاساکە بریتی لە مەرجی تەمەنی بریکار کە لە مادە (٤/ یەکەم/ب)ی یاسای ژمارە (٥١)دا هاتووە پێویستە کامل اهلیە بێت و ٢٥ ساڵی تەواو کردبێت، کەچی یاسای ژمارە(٧٩) لە هەمان خاڵدا تەنها کامل اهلیەی بە مەرج داناوە. و بە پێی برگەی دووەمی مادە (٤) لە یاسای ژمارە (٥١)دا، وزیر بۆی هەیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو داواکاری بریکارنامە بازرگانی استثناء بکات لە هەردوو مەرجی: د. نووسینگەی بازرگانی هەبێت لە عراق بۆ ئەنجامدانی کارەکانی و هـ لە یەکێک

لە ژووره بازرگانییەكانی عراق ئەندام بیت و ناوی بازرگانی هەبێت، بەلام لە یاسای ژمارە(٧٩) باس لەم بابەتە نەكراوە. و هەروەها لە برگەی چوارەمی مادە (٤) لە یاسای ژمارە (٥١)دا هاتوو كە ناكرێت كەسی سروشتی یان معنوی زیاتر لە سێ بریكارنامەی بازرگانی تۆماربكات، ئەگەر زیاتر بوو ئەوا بە پێی هەلبژاردنی بریكاری تایبەتمەند سرینەوە دەكرێت بۆ بریكارنامە تۆمار كراوە زیادەكان، كەچی ئەم خاڵەش لە یاسای نوێدا باس نەكرایە.

ماوەی دیاریكراو بۆ وەڵامدانەوەی داواكاری پێشكەشكراو بۆ بەدەستهێنانی مۆلەت، لە لایەن تۆماركارەوە جیاوازی هەیە لە نێوان هەر دوو یاسایەكەدا، لە مادە (٥/دووەم)ی یاسای ژمارە (٥١)دا هاتووە تۆماركار دەبێت لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رێكەوتی پێشكەشكردن، بڕیار لەسەر داواكاری پێشكەشكار بدات، كە چی لە هەمان مادە و برگەی یاسای ژمارە(٧٩)دا ئەم ماوەیە كراوتە (١٠) رۆژ. جیاوازیەكی دیكەی زۆر گرنگ لە نێوان یاساكاندا بریتیە لە رێكار و ماوەی تانە دان لە بڕیاری ڕەتكردنەوەی داواكاری مۆلەت، لە مادە (٥/دووەم و سێیەم)ی یاسای ژمارە (٥١)دا هاتووە لە حالەتی ڕەتكردنەوەی داواكاری بۆ پێشكەشكاری داواكاری هەیە نارەزایی دەرببرێت لە بڕیارەكە لە لایان وەزیر لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی دوای ئاگاداركردنەوەی بە ڕەتكردنەوەی و بڕیاری وەزیر بە بڕیاری كۆتایی دادەنرێت. و بە هەمان شێوە بە پێی مادە (٥/دووەم /ب و ج) لە یاسای ژمارە(٧٩)، لە حالەتی ڕەتكردنەوەی داواكاری پێشكەشكار بۆی هەیە تظلم لە بڕیاری تۆماركار بدات لە بەردەم وەزیر لە ماوەی(٣٠) رۆژ لە رۆژی دوای ئاگاداركردنەوەی، بەڵام لێرەدا هەندێک لایەنی ئەرێنی بۆ پێشكاشكار زیادكراون كە پێویست كرایە وەزیر لە ماوەی (١٠) رۆژ لە رێكەوتی تۆماركردنی لە نووسینگە وڵامی بداتەوە و وەڵامی نەدانەوەی بە رەتكردنەوەی تظلم دادەنرێت، و لە هەموو بارەكاندا بڕیاری وەزیر بە ڕەتكردنەوەی داواكاریەكە شیاوی تانە گرتنە لەبەردەم دادگای كارگێری، كەچی لە یاسای ژمارە (٥١)دا ئەم بابەتانە باس نەكراون و رێگەپێدراو نین.

لە كۆتاییدا دەكرێت ئاماژە بە جۆری سزا و بڕی پێبژاردن و شێوازی رێكخستنی بدرێت لە هەردوو یاساكەدا، لە مادەكانی ( ١٥، ١٦،١٧ و ١٨)ی یاسای ژمارە (٥١) سزاكانی سجنی كاتی و هەمیشەیی و پێبژاردن دانراوە بۆ تاوانەكانی پەیوەندیدار بە بریكارنامەی بازرگانی، بەڵام لە یاسای ژمارە(٧٩) تەنها لە مادەی (١٨) ئەم بابەتە رێكخراوە و حۆكمەكانیان زۆر جیاوازن، بۆ نموونە سزای فەرمانبەران یان داواكراوان بۆ خزمەتی گەشتی كردووتە حبس لە سێ سال كەمتر نەبێت ئەگەر بە مەبەست كارەكانی بریكارنامەی بازرگانیان ئەنجامدا كە پێشتر سزایەكە سجنی كاتی یان هەمیشەیی بوو یان سزای كەسێک كە بێ مۆلەت كارەكانی بریكارنامەی بازرگانیانی ئەنجام بدات كرایتە پێبژاردن كە لە یاسای ژمارە (٥١) سجنی كاتی بوو. ئەمانە تەنها چەند جیاوازییەک بوون كە دەبێت بە هەند وەربگیرێن چونكە دەكرێت كێشە دروست بكەن لەبەر جیاوازییان لە نێوان هەردوو یاساكە. لە كۆتاییدا پێمان وایە كە یاسای نوێیەكە بۆ ئێستا زیاتر گۆنجاوە و دادپەروەری زیاتری تێدایە و جێبەجێكردنی لە هەرێمی كوردستاندا زیاتر لە سوودی هاولاتییان دەبێت.

**دووەم: یاسای كار**

یاسای كار یەكێكە لەو یاسایانە كە بە هۆی سروشتی ئەو بابەتەی كە رێكخستنی بۆ دەكات، هەرچەند ساڵێک گۆرانكاریی پێویستە كە ئەمەش بە كرداری لە یاسای كاری عراقی دەبینرێت و چەندین یاسای كار هەڵوەشێنراون بە دەرچواندنی یاسای نوێ، بۆ نموونە یاسای كرێكاران ژمارە (٧٢)ی ساڵی ١٩٣٦، یاسای كاری ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٥٨، یاسای كاری ژمارە (١٥١)ی ساڵی ١٩٧٠، و یاسای كاری ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧. لە ئێستادا یاسای كاری بەركار لە عراقدا بریتی یە لە یاسای ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٥ كە بە پێی مادە (١٧٢) یاسای كاری پێشتر واتا یاسای كاری ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ی هەڵوەشاندوتەوە، بەلام لە هەرێمی كوردستان تاكو ئێستا هەر كار بە یاسای كاری ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ دەكرێت. كاتێک بەراوردی نێوان هەردوو یاساكە دەكرێت كۆمەلە جیاوازییەک لە نێوانیاندا بەدیار دەكەون، و لێرەدا بە كورتی هەندێكیان وەک نموونە دەخرێنەروو. سەرەتا لە رووی شێوەیان، دەبینرێت كە پێكهاتە و شێوازی رێكخستنی یاسای نوێ (یاسای كاری ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٥) رێک وپێكتر و سەردەمییانەترە بە بەراورد لەگەڵ یاسای كۆن (یاسای كاری ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧). لە یاسای نوێدا لە بەشی یەكەمدا پێناسەكان، و لە بەشی دووەم دا ئامانجەكان و چوارچێوەی جێبەجێ بوون و پاشان لە بەشی سێیەمدا

بنەما سەرەکییەکان بە ووردی دارێژراون، کەچی یاسای کۆن لە دەروازەی یەکەمیدا یەکسەر بە بنەما سەرەکییەکان دەست پێدەکات .

لە یاسایی نوێدا واتا یاسای کاری ژمارە (٣٧)، بەشی پێنجەم (مادە ٣٠-٣٧) تەرخانکراوە بۆ رێکخستنی کاری بیانییەکان، کەچی لە یاسای کۆندا ئەم بەشە وجودی نی یە و رێکخستنی بۆ نەکراوە. لە حۆکمەکانی تایبەت بە کرێی کرێکار، هەردوو یاسایەکە لێک نزیکن کە کرێیەکە چۆن و بە چ شێوازێک و تا کەی دەبێت بدرێت، بەلام یاسای نوێیەکە لە مادە (٥٣/ سێیەم) ئاماژەی بەوە داوە کە بەرزترین ڕادەی ماوە بۆ دواخستنی کرێ ( ٥) رۆژ ، کەچی یاسای کۆن باسی ئەم بابەتەی نەکردووە. هەروەها لە لە مادە (٥٣/ پێنجەم)ی یاسا نوێیەکەدا رێکخستن بۆ بابەتێکی زۆر گرنگ کراوە کە پێویستی یەکسانی کرێی نێوان پیاو و ئافرەتە لەو کارەی کە بەهای وەک یەکە، بەلام لە یاسای کۆندا ئەم بابەتەش ئاماژە پێنەکراوە. سزای سەرپێچیکرنی خاوەنکار لە حۆکمەکانی کرێ لە یاسای نوێدا گۆراوە بە شێوەیەک کە بۆ سەردەمی ئیستا زیاتر گونجاو بێت.

سەبارەت بە کاتی کارکردن و کاری زیادە، هەردوو یاساکە تا رادەیەک بە هەمان شێوە رێکخستنیان بۆ کردووە. تایبەت بە مۆلەت وەرگرتن، لە مادە (٦٧)ی یاسای کۆندا هاتووە دەکرێت لە ساڵێکدا (٢٠) رۆژ مۆلەت وەربگیرێت بە کرێی تەواو، کەچی لە مادە (٧٥/یەکەم)ی یاسای نوێدا هاتووە دوای تێپەربوونی ساڵێک لە کار کردن کرێکار شایەنی مۆلەت بە کرێی تەواو دەبێت بۆ ماوەی ٢١ رۆژ بە لایەنی کەم لە هەر ساڵێکی کارکردن. لە هەردوو یاساکەدا پارێزگاری کراوە لە ئافرەتی کرێکار، لە مادە (٨٧/ یەکەم-چوارەم)ی یاسای نوێدا هاتووە ئافرەتی کرێکار مافی مۆلەتی تایبەت بە دووگیانی و مندالبوونی هەیە بە کرێ تەواو بۆ ماویەک کەمتر نەبێت لە (١٤) هەفتە لە سالێکدا و بۆی هەیە ئەم مۆلەتە وەربگرێت بەر لە (٨) هەفتە لە رێکەوتی چاوەروانکراو بۆ مندالبوونی بە بەلگەنامەی پزیشکی دەرچوو لە لایەنی تایبەتمەند وئەم مۆلەتە بەردەوام دەبێت لە دوای مندالبوونی بە شێوەیەک کە پابەند دەبێت بە وەرگرتنی ئەو مۆلەتەی کە ماوە بەشێوەیەک کە کەمتر نەبێت لە (٦) هەفتە لە دوای مندالبوونی. لە یاسای کۆندا ئەم پارێزگارییە لە رووی ماوەیەوە هەندێک جیاوازی هەیە کە لە مادە (٨٤/ یەکەم و دووەم)یدا هاتووە ئافرەتی کرێکار مافی مۆلەتی تایبەت بە دووگیانی و مندالبوونی هەیە بە کرێی تەواو بۆ ماوەی (٧٢) رۆژ، کە بۆی هەیە ئەم مۆلەتە وەربگرێت بەر لە(٣٠) رۆژ لە رێکەوتی چاوەروانکراو بۆ مندالبوونی بە بەلگەنامەی پزیشکی دەرچوو لە لە لایەنی تایبەتمەند و دوای مندال بوونیش بەردەوام بێت بە وەرگرتنی ئەو ماوەی کە ماویەتی لە مۆلەتەکە. ئەمانە بریتین لە چەند نموونەیەکی کەم لەو جیاوازییە دیار و بەرچاوانەی کە هەیە لە نیوان هەردووی یاسای کۆنەکە - یاسای کاری ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧- کە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە و لە عراق هەلوەشێنرایتەوە و یاسای نوێ - یاسای کاری ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٥- کە لە عێراق جێبەجێ دەکرێت. بۆیە دەتوانین بڵێن یاسای کاری نوێی عێراقی رێکخستنێکی یاسایی ووردتر و فرەلایەنتری بۆ کراوە و سەردەمییانەترە بە شێوەیەک کە زیاتر لەگەڵ باردۆخی ئێستا دەگۆنجێت.

پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە لە هەندێک باردا، تەنها هەندێک مادە لە یاسایەکی فیدراڵی بەرکار لە هەرێم لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەموارکراینەتەوە و یاخود هەندێک مادەی بۆ زیادکراوە، بەلام لە هەرێمی کوردستاندا کار بە هەموارە نوێیەکان ناکرێت بە بیانوی دەرنەکردنی یاسای بەرکارکرن بۆیان، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٧، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە(28)ی ساڵی 2007/ یاسای جێبەجێ کردنی یاسای کۆمپانیاکانی (فیدراڵی)ژمارە(21)ی ساڵی 1997 لەهەرێمی کوردستانی دەرکرد و بەمەش یاسای کۆمپانیاکانی ساڵی ١٩٩٧ بە هەموارەکانی ساڵی ٢٠٠٤یشەوە لە کوردستان بەرکار کرا. بەڵام ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سالی ٢٠١٩دا، هەموارێکی گرنگی بۆ ئەم یاسایە ئەنجامدا بە دەرکردنی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٩ی هەمواری یاسای کۆمپانیاکانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ کە تیایدا رێکسختنی یاسایی بۆ جۆرێکی نوێی کۆمپانیا لە عێراقدا بە ناوی کۆمپانیای رکیفکار (الشركة القابضة) جێگیر کرا و چەندین حوکمی نوێ زیادکران و چەندین مادەی یاساکە هەموارکرانەوە، بەڵام هەروەک ئاماژەمان پێدا بە هۆی دەرنەکردنی یاسای بەرکارکردن بۆی، لە هەرێمدا کار بەم هەموارەش ناکرێت.

## باسی دووەم

## حوکمی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەرکار لە هەرێمی کوردستان

سەرەتا بە پێویستی دەزانین باس لە تایبەتمەندی هەڵوەشاندنەوەی یاساکان لە هەرێمی کوردستاندا بکەین وەک یەکێکی تر تایبەتمەندییەکانی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان. بە پێی برگەی یەکەمی مادە (١٢١)ی دەستوری عێراق، پەرلەمانی کوردستان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، لەوانیش هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی هەیە لە هەرێمدا جگە لەو دەسەڵاتانەی کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە، واتا ناتوانێت ئەو یاسایانە هەڵوەشێنێتەوە کە پەیوەندیدارن بە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی کە لە مادە (١١٠)ی دەستوردا هاتوون. هەروەها لە مادە (١٤١)ی دەستوریشدا هاتووە: "کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دەرکراون بەردەوام دەبێت، ... ئەگەر هەموار نەکرابن یان هەڵنەوەشابنەوە بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت." بە تێگەیشتنی پێچەوانەی مادە (١٤١) دەردەکەوێت کە پەرلەمانی کوردستان مافی هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی هەیە کە لە هەرێمی کوردستان دەرکراون. لە مادە (١٣٠)ی دەستوریشدا هاتووە "یاسا کارپێکراوەکان کاریان پێدەکرێت ئەگەر هەڵنەوەشێنرابێتنەوە یان هەموار نەکرابن بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم دەستوورە." بە تێگەیشتنی پێچەوانە دەتوانین بڵێن هەر یاسایەک هەڵوەشێنرا یان هەموارکرایەوە لە لایان دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە و بە پێی حوکمەکانی دەستوور، ئەوا چیتر کاریان پێناکرێت.

بۆیە لێرەشدا پرسیارێکی گرنگ دەخەینەروو ئەویش ئەوەیە کە ئایا کاتێک یاسایەک بە دەقی مادەیەکی ڕاشکاوی یاسایەکی نوێ فیدراڵی هەڵدەوەشێنرێتەوە دەکرێت هەر کاری پێبکرێت لە هەرێمدا؟ یاخود کارپێکردنی ئەم یاسا هەڵوەشێنراوانە تا چ ڕادەیەک ڕەوایەتیان هەیە؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارە، بە پێویستی دەبینین سەرنج بدەینە رایەکانی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان و بۆچوونی یاساناسە چاوپێکەوتنکراوەکان، بەم شێوەی خوارەوە:
دەستەی گشتی ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عێراق لە وەڵامی داواکاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - سەرۆکایەتی دیوان کە بە نوسراوی ژمارە (9440) لە 2011/٨/٢٥ کە داوای رایەکەیان کردبوو سەبارەت بە ڕادەی جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵیەکان کە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە دەرچووە لە هەرێمی کوردستان و بەپێی برگەکانی دەستووری عێراق، بە نووسراوی ژمارە 2011/36 لە 2011/١٠/١١، بە ڕێکەوتی دەستەی گشتی و لەبەر ڕۆشنایی مادەکانی (117) و (120) و (121) و (141) ی دەستوری عێراق و بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان، رایەکەیان دەربڕی کە ئەنجومەن پێی وایە بۆ جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵیەکان لە هەرێم، دەبێت جیاوازی لە نێوان سێ جۆر یاسادا بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییەکان کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرچوونە پێش کشانەوەی ئیدارە حکومییەکان لە هەرێمی کوردستان لە 1991/١٠/٢٣ بە شێوەیەکی تلقائی [خۆکارانە] لە هەرێم بە بەرکار دادەنرێن مەگەر لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمەوە هەڵوەشێنرابنەوە یان شتێکی پێچەوانەیان دەرچووبێت لەم دەسەڵاتە یان پێشێلکردنی دەستووریان لەخۆگرتبوو.

2. یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییەکان کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرچوونە لە نێوان ڕێکەوتی کشانەوەی ئیدارە حکومییەکان لە 1991/١٠/٢٣ و ڕێکەوتی ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە 2003/٤/٩ لە هەرێم جێبەجێ ناکرێن مەگەردوای دەرچوونی یاسای بەرکارکردن بۆیان بە پشتبەستن بە بڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٢ کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە لە ١٩٩٢/٨/٣١ دەرچووە.

3. ئەو یاسا فیدراڵیانەی لە دوای ڕێکەوتی 2003/٤/٩ دەرچوونە و بابەتێکیان ڕێکخستووە کە هیچ ڕێکخستنێکی تەشریعیی بۆ نەکراوە لە هەرێمی کوردستاندا بە خۆکارانە لە هەرێمدا جێبەجێ دەکرێن، بەبێ ئەوەی پێویست بە یاسایەکی تایبەت

بکرێت بۆ بەرکارکردنیان، بەڵگەکانی ئەمەش لەوەدایە کە ئیرادەی جەماوەری هەرێم بەشداری کردووە لە دانانی ئەم یاسایانە لە ڕێگەی نوێنەرانی هەرێم لە پەرلەمانی فیدراڵی.

لەگەڵ مافی دەسەڵاتی هەرێم بۆ دەرکردنی یاساگەلێک کە دژایەتی و پووچەڵکردنەوەی یاسا فیدراڵیەکان بن (یاساکانی فیدراڵی)، و لە کاتی ناکۆک بوونی یاساکانی هەرێم لەگەڵ یاسا فیدراڵییەکان سەبارەت بە پرسێک کە ناچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی، ئەوا پێشینە بۆ یاساکانی هەرێمە، بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی مادەکانی (١١٥) و (١٢١)ی دەستور.

کەواتە لەم رایەی ئەنجومەنی شورا دەردەکەوێت هەر یاسایەک لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرچوێنرا بێت لە پێش ڕێکەوتی ١٠/٢٣/1991 و ئەگەر یاسایەکی کۆنی هەڵوەشاندبێتەوە، ئەوا کار بە یاسا کۆنەکە ناکرێت بەڵکو بە شێوەیەکی خۆکارانە یاسا نوێیەکە بەرکار دەبێت. و هەر یاسایەک لە نێوان ڕێکەوتی ١٠/٢٣/1991 تا ٤/٩/2003 لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرچوێنرا بێت و ئەگەر یاسایەکی کۆنی هەڵوەشاندبێتەوە، ئەوا کار بە یاسا کۆنەکە دەکرێت، مەگەر یاسای بەرکارکردن بۆ یاسا نوێیەکە دەرچوو بێت. هەروەها هەر یاسایەک لە دوای ڕێکەوتی ٤/٩/2003 دەرچوو بێت، و ئەگەر یاسایەکی کۆنی هەڵوەشاندبێتەوە، ئەوا کار بە یاسا کۆنەکە ناکرێت بەڵکو بە شێوەیەکی خۆکارانە یاسا نوێیەکە کاری پێدەکرێت، بەبێ ئەوەی پێویست بە یاسایەکی تایبەت بکرێت بۆ بەرکارکردنی.

بە هۆی شیکردنەوەی جیاوزیان بۆ کارابوونی بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان لە ئەنجامی گۆڕانی دۆخی سیاسی لە عێراقدا هەروەک پێشتر باسمان کرد، دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورا لە ساڵی ٢٠١٣ رای خۆی سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاساکانی فیدراڵی لە هەرێم گۆڕی. دەستەی گشتی ئەنجوومەن لە وەلامی داواکاری وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان-عێراق بە نوسراوی ژمارە (17099) لە 2013/12/4کە داوای رایەکەیان کردبوو سەبارەت بە ڕادەی توانایی کارکردن بە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی سامانی دەوڵەت ژمارە (21)ی ساڵی 2013، کە بەپێی ئەوەوە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦هەڵوەشێندرایەوە، بە نووسراوی ٢٠١٣/٤٠ لە ڕێکەوتی٢٣ /٢٠١٣/١٢ و بە ڕێکەوتنی دەستەی گشتی، رایەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەرکرد:
مافی دەسەڵاتی هەرێمە تەشریعاتی تایبەت بە هەرێم دەربکات و ئەو تەشریعانەی کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە دەرچوونە بەرکار بکات یان بەرکار نەکات یان هەمواری جێبەجێکردنیان بکات لە هەرێمدا، و کاتێک تەشریعاتی هەرێم ناکۆک دەبن لەگەڵ تەشریعاتی فیدراڵی سەبارەت بە بابەتێک کە ناچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان، ئەوا پێشینە بۆ تەشریعاتی هەرێمە.
پاشان، ئەو یاسایەی لە هەرێمی کوردستان – عێراق بەرکارە، یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی 1986ە، و بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (21)ی ساڵی 2013 پێویستە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان- عێراقەوە یاسایەک دەربکرێت بۆ بەرکارکردنی.
کەواتە لەم رایەی ئەنجومەنی شورا دەردەکەوێت، هەر یاسایەکی نوێ فیدراڵی لە عێراق دەربچێت و یاسایەکی بەرکار لە هەرێم هەڵوەشێنێتەوە، کارکردن بە یاسا هەڵوەشێنراوەکە لە هەرێم بەردەوام دەبێت و یاسای نوێی فیدراڵی بەرکار نابێت، مەگەر لە پەرلەمانی کوردستان یاسای بەرکارکردنی بۆ دەربکرێت.
دەتوانین بۆچوونی یاساناسانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا فیدراڵیە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمدا، دابەشی دوو دەستەی جیاواز بکەین. هەندێک لە یاساناسان پێیان وایە کە کارپێکردن بە یاسا فیدراڵیە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمدا بەردەوام دەبێت. بۆ نموونە پ.د. رزگار محمد رای وایە کە "یاسا کۆنەکان کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاریان پێ دەکرێت، ئەگەر لەسەر ئاستی عێراق ئەم یاسایە هەڵوەشێندرایەوە، تۆماتێکی نابێتە هۆی هەڵوەشانەوەی لە هەرێمی کوردستان. تەنها ئەو کاتە لە هەرێم هەڵدەوەشێتەوە کە پەرلەمانی کوردستان هەڵی بوەشێنێتەوە. نموونە: یاسای کار (1987) کە لە عێراق هەڵوەشاوەتەوە بەڵام لە هەرێمی کوردستان کارپێکراوە. هۆکارەکەش ئەوەیە هەرێم دەسەڵاتی تەشریعیی خۆی هەیە و ئەم دەسەڵاتە ئازادە چ بکاتە یاسا و چ نەکاتە یاسا. کە

ئەمە زۆر رەوایەو مافی هەرێمەکانە کە دەستوور پێی داون."[1] پ. ی. د.ئالان بهاءالدین لە چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە "نەخێر ئەم یاسایانە راستە لە اتحاد هەڵدەوەشێنندرێنەوە بەڵام لە هەرێم کاریان پێ دەکرێت بە پشت بەستن بە بڕیاری ژمارە 11 ی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستان کە شەرعییەت دەدا بە بەرکار مانەوەی یاسا هەڵوەشاوەکان لە هەرێمی کوردستان سەرەرای هەڵوەشاندنەوەیان لە اتحاد. مادده 130 ناکۆک نیە لەگەڵ ناوەرۆکی مادە 141ی دەستوور کە شەرعییەتی داوە بە یاساکانی پەرلەمان."[2]

پ.د. علی عادل پێی وایە ئەوەی لە مادەی (130)ی دەستوری عێراقی ساڵی 2005دا هاتووە دەقێکی گشتییە و هیچ پەیوەندییەکی بە جێبەجێکردنی تەشریعاتی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستانەوە نییە کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵیەوە هەڵوەشێنراون، بە مەرجێک ئەم تەشریعانە نەچنە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی. هەر تەشریعێکی فیدراڵی کە نەچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی کە کارپێکراوە لە هەرێمی کوردستان، دەتوانرێت کارپێکردنی بڕگەکانی بەردەوام بێت تەنانەت ئەگەر لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵیشەوە هەڵبوەشێنرێتەوە، پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) و (دووەم)ی مادەی (١٢١)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و ئەو میکانیزمەی کە لەم دەسەڵاتە هەرێمییەدا هاتووە کە لە بڕیاری تەشریعی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٢دا نوێنەرایەتی کراوە.[3]

بەهەمان شێوە پ. د. اسماعیل نامیق لە بۆچوونەکەیدا باس لەوە دەکات کە "بە پێی مادە ١٢١ی دەستوور و بە پێی بڕیاری ژمارە (11) ی پەرلەمان، ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی فیدراڵەوە دەردەچن و سروشتێکی فیدراڵیان نیە، بە نیسبەت هەرێمەوە بە یاسا دانانرێن، واتە هێزی پابەندکەریان نیە، چونکە شەرعیەتیان نیە، هەر کاتێك پەرلەمانی کوردستان إنفاذیان دەکات، شەرعیەتیان پێدەدات و هێزی پابەندکەریان پێدە بەخشێت، واتە، ئەم یاسایانە سیفەتی یاسایان لە پەرلەمانی کوردستانەوە وەرگرتووە یان وەردەگرن، بۆیە هەر ئەمیش دەتوانێت هەڵیانبوەشێنێتەوە." هەروەها سەبارەت بە ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێم پێی وایە "بەڵێ رەوایە، رەواییەتییەکەی لە مادەکانی ١٢١ و ١٤١ی دستوری عێراقیەوە وەرگرتووە، بەڵام لە رووی لۆجیك و هونەری یاسادانانەوە غەریبە، هۆکارەکەشی ئەوەیە، سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا نەبەکامە و هێشتا پێنەگەیشتووە، چونکە باوەڕ ناکەم هیچ سیستمێکی فیدراڵی هەبێت تەنها لە یەک هەرێم و حکومەتێکی فیدراڵی پێک بێت."[4]

پ.د. شورش حسن بۆچوونی وایە کە ئەو یاسایانەی لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە، ئێمە دەکرێت یاساکە لە لای خۆمان ئیشی پی بکەین و بەردەوام بین لەسەری، تەبریریش ئەوەیە کە ئێمەش دەسەڵاتی یاسادانانی سەربەخۆمان هەیە و دەسەڵاتی یاسادانانی ئێمە ملزەم نیە بەو یاسایانەی کە لە حکومەتی فیدراڵییەوە دەردەچن جگە لەو یاسایانەی کە تایبەتمەندن بە اختصاصە حصرییەکانی حکومەتی اتحادی بەڵام دەبێت پابەند بین بە دەستورەوە لە دانانی یاساکاندا و سەرپێچیی نەکەین، و ئەو یاسایەی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵیدەوەشێنێتەوە ئێمە دەکرێت لەسەر هەمان یاسا بەردەوام بین و ئیشی پێ بکەین لێرە. بۆخۆمان ئازادین هەر چۆن یاسا دادەنێین و هەر چۆن یاسا ئیش پی دەکەین، لە عێراق هەڵدەوەشێتەوە ئێمە لێرە ئیشی پێ دەکەین و لەسەری دەرۆین و کێشەمان نیە، چونکە ئێمە بۆمان هەیە بە پێی ئەوەی دەسەڵاتی یاسادانانمان هەیە، قانون بە پێی بەرژەوەندی و بە پێ گونجانی لەگەل خۆمان دابنێین. بۆیە وەکو ووتمان، حکومەتی هەرێم دەتوانێت پابەند نەبێت بە ئاراستەی حکومەتی عێراق کە یاسایەک هەڵدەوەشێنێتەوە.[5]

---

[1] پ.د. رزگار محمد، سەرچاوەی پێشوو.

[2] پ. ی. د.ئالان بهاءالدین، سەرچاوەی پێشوو.

[3] پ. د. علی عادل، سەرچاوەی پێشوو.

[4] پ. د. اسماعیل نامیق، سەرچاوەی پێشوو.

[5] پ.د. شورش حسن، سەرچاوەی پێشوو.

دەستەکەی تری یاساناسە چاوپێکەوتنکراوەکان بۆچوونی جیاوز یان پێچەوانەی بۆچوونە ئاماژەپێکراوەکانی پێشتریان هەیە. بۆ نموونە پ.د. هیوا حیدری سەبارەت بە بەردەوام بوونی کارکردن بە یاسایەکی کۆنی هەڵوەشێنراو بە یاسایەکی نوێی فیدراڵی بە هۆی بەرکارنەکردنی یاسا نوێیەکە لە هەرێمیدا، رای وایە "ئەمەبارێکی یاسایی تایبەت بەهەرێمە دروستبووەلەئەنجامی بڕیاری ژمارە(11)ی پەرلەمانی کوردستان، بارێکی تەندروست نییەو کێشەی زۆر دروست دەکات بۆیەپێویستەلەسەر پەرلەمانی کوردستان لەکاتی دەرچوونی یاسایەکی ئیتیحادی نوێ کەیاسایەکی کۆن (بەرکار لەهەرێمی کوردستان) هەڵبوەشێنێتەوە، دەستبەجێ چارەنووسی ئەم یاسایەدیار بکات یان بە بەرکارکردنی یاخود بەبەرکارکردن و هە مواری پیادەکردنی لەهەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەم کێشەیاساییەدروست نەبێت."[1] هەروەها پ.د. عبدالله فاضل حامد لە چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات کە "چ لوژیک و پرنسیپ دگەل کار پێکرنا یاسایەکا لادای نینە، هەر وەختەکی یاسایەک هات لادان رامان ئەوە کو ئەو یاسا هێدی نە گونجایە بو رێکخستنا بابەتێ جهێ یاسایێ ل دەمی لادانێ. پێویستە ل هەر وەختەکی یاسایەک ل عیراقێ بهێتە هەلوەشاندن یان راستڤەکرن هەرێما کوردستانێ دەست پێشخەربیت ژبوو رێکخستنا بابەتێ وێ یاسایێ ل پێ بەرژەوەندیێن خەلک و کومەلگەهێ هەرێما کوردستانێ. و بێ گومان کار پێکرنا یاسایەکا لادایی رەوا نینە، چونکی یاسا پێدڤیە گونجای بت دگەل دابونەریتێن کومەلگەهێ و پێ سەردەمیانە بت، تەنها جێبەجێکرنا یاسایەکا لادایێ لادانە بو پرنسیپێن یاسادانانێ و رامانا تەمبەلیا سازیا یاسادانانێ یە ل هەرێما کوردستانێ."[2]

پ.ی.د. سۆران علی بە بۆچوونێکی ووردتری یاساییانەوە و پشت بەستن بە پێوانەکردن رای خۆی بەم شێوەیە دەردەبریت: "بەبۆچوونی من کاتێك یاسایەکی فیدرالی لەهەرێم بەرکار دەکرێت، ئێمەدەکەوینەبەردەم بوونی دوو یاسا، یەکێکیان یاسا رێکخەرەکەیەکەیاسای ئەسڵەو بابەتییەو یاسای فیدرالییە، دووەمیان یاسا رێکارییەکەیەکەتەنها رێکاری جێبەجێکردنەنەك بابەتی رێکخستن کەیاسای هەرێمە، وەلەحاڵەتێکدا ئەگەر یاسا ئەسڵەکەهەڵوەشێنرایەوەلەلایەن دەسەلاتی فیدرالی کە خاوەنی دانان و دارشتنی یاساکەیە، کەواتەئەسڵی رێکخستن بوونی نەماوەو تەنها یاسایەکی رێکاریی ناباەتی بوونی دە مێنێت، لەم حاڵەتەشدا ئەساسی جێبەجێکردن لەدەستدراوە. بۆ ئەم مەبەستەدەکرێت قیاس بکەین لەسەر یاسای پەسە ندکردن و بەرکارکردنی رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی، کاتێك رێککەوتننامەکەهەڵبوەشێنرێتەوە، ئیتر ناکرێت بەبیانووی یاسا پەسەندکارەکارپێکارەناوخۆییەکەهەر بەردەوام بیت لەرێککەوتننامەنێودەوڵەتییەکە.[3] پ.د. سەرهەنگ حمید بەرزنجی ئاماژە بە نەگونجان و مەترسیەکانی ئەم دۆخە دەکات و پێی وایە کارپێکردن بە یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمدا "لەگەڵ سروشتی کارکردن و ئەزمونە فیدراڵیەکان ناگونجێت و خزمە ت بە تۆکمەیی تكاملي نظام قانوني ناكات و جۆرە پاشەگەردانێکیش دروست دەکات... راستە فیدراڵیەت واتا الوحدة والتنوع بە لام ئەم جۆرە تنوع لەم چوارچێوەیە دەرناچێت. دەکرا ناوەرۆکی هەندێک لەم بابەتانە ئەگەر پێویست بێت بۆ هەرێم و هاووڵاتیەکانی بە یاساکانی هەرێم رێکبخرایەتەوە بۆ پێدانی ڕەوایە تی و دژنەبوونی لە گەل کۆتا برگەی مادە ١٤١ دەستور. وادادگای فیدراڵیش دەست کراو دەکات بۆ قۆزتنەوەی ئەم بابەتەش لەئایندەدا هەروەکو بابەتەکانی تریش بەداخەوە. چونکە من دە زانم لە ئایندە مشکلمان بۆ دروست دە کات لە هە رێم و ناتوانیت احتجاج بەو بڕیار و یاسایانە بکەیت لە بە رامبەر دام و دەزگا فیدراڵیەکان بەتایبەتی دادگای فیدراڵ چونکە لە حوکمی نەبوونن."[4]

لە کۆتایدا پێویستە بگووترێت کە گۆمان لەودا نیە بە دەرکردنی یاسایەکی نوێی پەیوەندیدار بە بابەتەکانی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی، ئەگەر یاسایەکی کۆنی پەیوەندیدار بە هەمان بابەتی هەڵوەشاندەوە، یاسا کۆنەکە بە

[1] پ.د. هیوا حیدری، سەرچاوەی پێشوو.

[2] پ.د. عبدالله فاضل، سەرچاوەی پێشوو.

[3] پ.ی.د. سۆران علی، سەرچاوەی پێشوو.

[4] پ. د. سەرهەنگ حمید بەرزنجی(٢٠٢٤)، مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە رێکەوتی: ٢٠٢٤/١/١٧.

شێوەیەکی خۆکارانە لە هەموو عێراق – بە هەرێمی کوردستانیشەوە- هەڵدەوەشێتەوە. سەبارەت بە یاسا گشتییەکانی تری فیدراڵی، ڕاستە یاساناسان و تەنانەت ئەنجومەنی شوراش بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەیە، بەڵام ئێمەی توێژەرانیش هاوراینە لە گەڵ بۆچوونی دەستەی دووەمی یاساناسە چاوپێکەوتنکراوەکان و بە لۆجیک نازانین یاسایەک کە لە لایان دانەرەکە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)یەوە هەڵوەشێنرابێتەوە، لە کوردستان هەر بەرکار بێت. بۆیە پێمان وایە هەر کاتێک یاسایەکی نوێی فیدراڵی دەرچوو و یاسایەکی بەرکار لە هەرێمی هەڵوەشاندەوە و بە هۆی بەرکاربوونی بڕیاری ژمارە (١١) پەرلەمانی کوردستان، هەرێم دەکەوێتە بۆشاییەکی یاساییەوە و هیچ ڕێکخستنێکی یاسایی بۆ ئەو بابەتە بوونی نابێت چونکە لە لایەک یاسا بەرکارەکە لە هەرێم هەڵوەشایەتەوە و لە لایەتی تر یاسای بەرکارکردن بۆ یاسا نوێیە فیدراڵیەکە دەرنەکراوە، بەمەش دەکەوێتە ناو دۆخێکی مەترسیدار بە تایبەت بەرامبەر دام و دەزگاکانی دەسەڵاتە فیدراڵیەکان و بەتایبەتی تریش دادگای باڵای ئیتیحادی و بەڵگەش بۆ قسەکانمان بڕیاری ژمارە: ٢١٢/اتحادية/٢٠٢٢ ی دادگای باڵای ئیتیحادیە کە پۆختەی کەیسەکە و بڕیارەکە بەم شێوەیە دەخەینەروو:

لەم کەیسێکدا کە تایبەت بوو بەو تانەیەی کە چەند هاوڵاتیەک پێشکەشیان کردبوو دژی سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان سەرەرای پیشەکانیان، سەبارەت بە نادەستوری بوونی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی بەرکار لەهەرێمی کوردستان کە بە مادە (٤٠)ی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ هەلوەشێنرایتەوە، دادگای باڵای ئیتیحادی لە رێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٣ بە ژمارە: ٢١٢/اتحادية/٢٠٢٢ بڕیاری داوە بە نادەستوری بوون و دروست نەبوونی کارپێکردن بە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی هەڵوەشاوەی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ و پابەندکردنی سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان سەرەرای پیشەکانیان بە کارپێکردنیان بە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی بەرکار. بڕیارەکە بە زۆرینە و بە سەرۆکایەتی دادوەر جاسم محمد عبود دراوە. هۆکاری دەرکردنی ئەم بڕیارەشیان بۆ ئەوە گەراندووتەوە کە ئەو یاسایانەی هەڵوەشێنراون پێویستە کاریان پێنەکرێت پاڵپشت بە مادە (١٣٠)ی دەستور کە تیایدا هاتووە (یاسا کارپێکراوەکان کاریان پێدەکرێت ئەگەر هەڵنەوەشێنرابنەوە یان هەموار نەکرابن بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم دەستوورە)، بەمەش کارکردن بە حوکمەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە لایان حکومەتی هەرێم کە هەڵوەشایتەوە بە پێی مادە (٤٠/یەکەم)ی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی بەرکار، سەنەدی دەستوری و یاسایی خۆی لەدەستداوە؛ و هەروەها دەرنەکردنی یاسایەکی خانەنشینی تایبەت بە فەرمانبەرانی هەرێم لە لایان پەرلەمانی هەرێم. و لە لایەکی تریشەوە، دەسەڵاتی هەرێم لە هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی لە حالەتی بوونی ناکۆکی یان دژیەکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا لەسەر بابەتێک کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی پاڵپشت بە برگەی دووەمی مادە (١٢١)ی دەستور، ئەو یاسایانەی کارپێکراون دەگرێتەوە نەک یاسا هەڵوەشاوەکان.

نموونەیەکی دیکە کە پێمان وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا کێشەی لێبکەوێتەوە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کارپێکردنی (یاسای بنەماکانی ژمێریاری گشتی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ١٩٤٠)ە لە هەرێمی کوردستاندا کە بە پێی مادە (٥٥) لە (یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩)ی فیدراڵی هەڵوەشێنرایتەوە، بە تایبەت کە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان داوای موچە و بودجەی دەکات لە حکومەتی فیدراڵی، پاڵپشت بە مافە دەستورییەکانی (مادە ١٢١/سێیەمی دەستور) و لەبەرامبەریشدا بە پێی یاسای بودجەی عێراقی بۆ ساڵانی ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٥، پێویستە حکومەتی فیدراڵی (یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩) لە تەواوی عێراقدا جێبەجێ بکات لە کاروباری دارایی و ژمێریاری لەبەر بەرکاربوونی ئەم یاسایە لە عێراقدا.

## کۆتایی

پاش کۆتایی هاتنی توێژینەوەکەمان سەبارەت بە ڕەوایەتی کارپێکردنی ئەو یاسا عێراقییانەی لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوەشێنراون و لە هەرێمی کوردستان بەرکارن، بە کۆمەڵێک دەرئەنجام گەیشتین و چەند ڕاسپاردەیەکیشمان بۆ لایەنی پەیوەندیدار خستۆتەڕوو، بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم: دەرئەنجامەکان**

١. سەرەرای نەبوونی مادەیەکی ڕاشکاو لەناو دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە تایبەتمەندی دەرکردنی یاسای بەرکارکردنی یاسا فیدراڵیە نوێیەکان بداتە پەرلەمانی کوردستان، ئەو پەرلەمانە دەسەڵاتی دەرکردنی یاسای بەرکارکردنی هەیە بە پێی خاڵی دووەم لە بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان. هێزی یاسایی و کارپێکردنی بڕیاری ژمارە (١١) را و بۆچوونی جیاوازی لەسەرە. دەستەی گشتی ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان لە دوو لە رایەکانیدا کارپێکردن بە بڕیاری ژمارە (١١) بە پێویست نازانێت لە دوای 2003/٤/٩ یەوە و ژمارەیەک لە یاساناسانی هەرێم دووپاتی ئەم رایەیان کردووتەوە، بەڵام لە رایەکی تری دا دەرچوونی یاسای بەرکاردن بۆ یاسا فیدراڵییەکان بە پێویست دەزانێت. بەهەمان شێوە زۆربەی یاساناسانی هەرێمی کوردستان رایان وایە کە بڕیاری ژمارە (١١) هێزی یاسایی هەیە و تا ئێستاش بەرکارە و پێویستە کاری پێبکرێت. گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڕیاری ژمارە(11) هەمان هێزی یاساکانی هەیە بە پێی مادەکانی (٧٧-٩٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و بەرکاریشە بە پێی مادده(141) ی دەستوری عێراق و دوای دەرچوونی دەستوری ٢٠٠٥یش پێویستە کارپێکردنی بەردەوام بێت بۆ بەرکارکردنی ئەو یاسا فیدراڵیانەی ناکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی، لە هەرێمی کوردستاندا .

٢. برگەی دووەمی مادە (١٢١)ی دەستور بە ڕاشکاوی مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێمی کوردستاندا، بە پەرلەمانی کوردستان داوە بەڵام بەو مەرجەی ناکۆکی یان دژیەکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا هەبێت لەسەر بابەتێک کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی. پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەکی زۆر یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی دەرکردووە بە بێ هاتنەدی مەرجی ئاماژەپێکراو. زۆربەی یاساناسان پێیان وایە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان دروستن چونکە ئەم مەرجە زیادەیە و لەرووی لۆجیکەوەبێ مانایە،بەڵام هەندێکی دیکە پێیان وایە کە ئەو مەرجە جێبەجێکردنی زەحمەتە و مەرجێکی نامۆیە و جێی پرسیارە. دادگای باڵای ئیتیحادیش دوو بڕیاری جیاوازی دەرکردووە سەبارەت بەو هەموارە جێبەجێکردنانەی کە هەرێمی کوردستان دەریکردوون، بەڵام بڕیاری دووەمی مەترسیدارە کە بە بیانۆی نەهاتنەدی مەرجی بوونی ناکۆکی یان دژیەکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێم، بڕیاری داوە بەوەی هەرێمی کوردستان لەم بارەدا مافی دەرکردنی یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵیی نیە. بۆیە بە تێروانینێکی ووردی یاساییانەوە برگەی دووەمی مادە (١٢١)ی دەستور بە دەقێکی دەستوری و بەرکار دادەنێین کە ناکرێت بە نەبوون ئەژمار بکرێت، سەرەرای ئەوەی بە مەرجێکی نالۆجیکی دایدەنێن؛ لایەن و دەرئەنجامە نەرێنییەکانیشی بۆ کەمتەرخەمی و نائاگایی لایەنە کوردییەکان دەگەرێنینەوە لە کاتی دەقنووسکردنیدا.

٣. لە ئێستادا چەندین یاسای فیدراڵی لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە دەرچوواندنی یاسای نوێ هەڵوەشێنراینەوە، بەڵام بە بیانوی دەرنەکردنی یاسای بەرکارکردن بۆیان هەر کاریان پێدەکرێت. سەبارەت بە ڕەوایەتی کارکردن بەو یاسا هەڵوەشێنراوانە لە هەرێمدا، ئەنجومەنی شورای هەرێم دوو رای جیاوازی دەربڕیوە: لە رایەکیدا بڕیاری داوە بە کارکردن بە یاسا نوێیە فیدارالییەکان بە شێوەیەکی خۆکارانە لە هەرێم، و بە پێچەوانەوە لە رایەکەی دیکەیدا بڕیاری داوە بە بەردەوام بوون لە کارکردن بە یاسا کۆنە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێم، مەگەر یاسا نوێیەکان لە پەرلەمانی کوردستان یاسای بەرکارکردنیان بۆ دەربکرێت. دوای وەرگرتن و لێکدانەوەی بۆچوونی یاساناسان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە کارپێکردنی یاسا فیدراڵییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمدا بارێکی تەندروست نیە و

کێشەی زۆر دروست دەکات و بەردەوام بوونی کارکردن بە یاسایەک کە لە لایان دانەرەکەیەوە هەڵوەشێنرابێتەوە لە کوردستان مەنتقی نیە. بۆیە پێمان وایە هەر کاتێک یاسایەکی نوێی فیدراڵی دەرچوو و یاسایەکی بەرکاری لە هەرێم هەڵوەشاندەوە، هەرێم دەکەوێتە بۆشاییەکی یاسییەوە و هیچ ڕێکخستنێکی یاسایی بۆ بابەتی یاساکە بوونی نامێنێت چونکە لە لایەک یاسا بەرکارەکە لە هەرێم هەڵوەشێنراێتەوە و لە لایەکی تر یاسای بەرکارکردن بۆ یاسا نوێیەکە دەرنەکراوە بە هۆی بەرکاربوونی بڕیاری ژمارە (١١) پەرلەمانی کوردستان، بەمەش دەکەوێتە ناو دۆخێکی مەترسیدار بە تایبەت بەرامبەر دادگای باڵای ئیتیحادی .

دووەم: پێشنیازەکان

١. بە باشی دەزانین لە گەڵ دەستبەکاربوونی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، ناوەڕۆکی بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمان بە یاسا بکرێت و بە شێوەیەک دەربچوێنرێت کە لەگەڵ دەستوری عێراق و گۆڕانکارییە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بگونجێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم مادانەی خوارەوە بۆ یاساکە پێشنیاز دەکەین:

مادەی (١): لە هەرێمی کوردستاندا کار بە ئەحکامەکانی ئەو یاسا و بریار و پەێرەو و رێنمایانە ناکریت کە لە لایەن دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدراڵیەوە دەردەچن لە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە، مەگەر پەرلەمانی کوردستانی عێراق بڕیار لەسەر ڕەوایی بەکارهێنانیان لەناو هەرێمەکەدا بدات، بە دەرکردنی یاسای بەرکاردن یاخود یاسای هەمواركردنی جێبەجێکردن بۆیان، پاڵپشت بە مادەکانی (١١٥،١٢١ و١٤١) لە دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ .

مادە(٢): بڕیاری ژمارە (١١)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان) کە لە ١٩٩٢/٨/٣١ دەرچووە، جێبەجێ دەبێت سەبارەت بە کارکردن بە ئەحکامەکانی ئەو یاسا و بریار و پەێرەو و رێنمایانەی کە لە لایەن دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدراڵیەوە دەرچوونە لە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە.

مادەی (٣): ئەحکامەکانی هەردوو مادەکانی (١) و (٢) جێبەجێ ناکرێن لەسەر ئەو یاسا و بریار و پەێرەو و رێنمایانەی کە لە لایەن دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدراڵیەوە دەردەچن و پەیوەندیدارن بە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی کە لە مادە (١١٠)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا هاتوون، بەلکو خۆکارانە لە هەرێمدا کاریان پێدەکرێت.

٢. پێشنیازی پێکهێنانی لیژنەیەکی یاسایی پسپۆر لەهەرسێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان، دادوەری و جێبەجیکردن دەکەین لەناو یاسای پێشنیازکراوی سەرەوە، بە مەبەستی دیراسەکردنی دەستبەجێی هەر یاسایەکی نوێ کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەری دەکات بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی و پێشنیارکردنی هەموارە پێویستەکان بە ئامانجی گونجاندنی لە گەڵ هەرێمی کوردستان و ئاراستەکردنی بۆ پەرلەمانی کۆردستان بۆ دەرکردنی یاسای بەرکارکردن و/یان هەمواركردنی جێبەجێکردن بۆی، ئەگەر جێبەجێکردنی لە هەرێمدا بە پێویست بینرا .

٣. لەبەرئەوەی یاسا فیدراڵییە نوێیەکان ڕێکخستنی ووردتریان بۆ کراوە و سەردەمییانەترن و زیاتر لەگەڵ باردۆخی ئێستا دەگونجێن، بۆیە ئەو کاتەی یاسایەکی گشتی نوێی فیدراڵی دەردەچێت و یاسایەکی فیدراڵی بەرکار لە هەرێم هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەرێم بۆ ماوەیەکی زۆر رووبەرووی بۆشایی یاسایی نەبێتەوە، پێشنیاز دەکەین لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم یاخود لیژنەی پێشنیازکراوی خاڵی (٢)ی سەرەوە دەستبەجێ کار لەسەر دیراسەکردنی یاسا نوێیەکە بکات بۆ بەرکارکردن یان هەمواركردنی جێبەجێکردنی، و لە حالەتی نەگونجانی پێشنیازی پێشکەشکردنی پرۆژە یان پێشنیازە یاسایەکی کوردستان بکات .

٤. لە کاتی هەمواركردنەوەی دەستوری عێراقی ٢٠٠٥، پێشنیازی کارکردنی لایەنی پەیوەندیداری کوردی دەکەین بۆ ئەنجامدانی ئەم هەموارانەی خوارەوە:

أ. مەرجی یەکەم واتا هەبوونی ناکۆکی یان دژیەکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا، کە لە بڕگەی دوومی مادە (١٢١)ی دەستوری عێراقیدا هەیە، لابردرێت و بڕگەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: "دەسەڵاتی هەرێم مافی هەمواركردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی لە هەریمەکەدا هەیە لەسەر بابەتێک کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی".

ب. ماده (١٤١)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق بەم شێوەیە هەمواربکرێتەوە: "کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دەرکراون بەردەوام دەبێت، بە هەمان شێوە ئەو بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییانەش کارپێکراون کە لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستان درچوونە، ئەگەر هەموار نەکرابن یان هەڵنەوەشابنەوە بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت."

## سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی (چاوپێکەوتنە کەسییەکان)

پ. د. اسماعیل نامیق حسین (٢٠٢٤)، مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/٢٠.

پ. د. رزگار محمد قادر (٢٠٢٤)، سەرۆکی گروپی یاسایی لە ئۆفیسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/٨.

پ.ی.د. سۆران علی(٢٠٢٤)، پسپۆری یاسای دەستوری، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/١.

پ. د. سەرهەنگ حمید بەرزنجی(٢٠٢٤)، مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/١٧.

پ. د. شورش حسن عمر(٢٠٢٤)، مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/٣.

پ. د. عبدالله فاضل حامد(٢٠٢٣)، مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی دهۆک، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٣/١٢/٢٦.

پ. د. علی عادل(٢٠٢٤)، سەرۆکی ناوەندی ڕاوێژی یاسایی و ستراتیژی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/٦.

پ. د. هیوا حیدری(٢٠٢٤)، راوێژکار لە ئەنجومەنی شورا، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/٢٠.

پ.ی.د. ئالان بهاءالدین عبدالله (٢٠٢٤)، مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین، چاوپێکەوتنی توێژەران بە شێوەی ئۆنلاین سەبارەت بە: ڕەوایەتی کارپێکردنی یاسا عێراقییە هەڵوەشێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی: ٢٠٢٤/١/١١.

دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی (البحوث الجامعية)

الدكتور سرهنك حميد البرزنجي، التحديات الناجمة عن عدم وجود تشريعات موحدة متكاملة بين اقليم كوردستان و الحكومة الاتحادية، بحث منشور في مجلة القانون و السياسة، السنة الثانية عشرة ، العدد (١٥)، ٢٠١٤.

أ. م.د. هادى مسلم يونس شنگالى، نفاذ التشريعات العراقية في إقليم كوردستان: الإشكالات و الحلول، بحث منشور في مجلة العقد الاجتماعي، عدد خاص، ٢٠٢١.

**سێیەم: تەشریعەکان**
دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥
یاسای کار ژمارە (٧١) ی ساڵی ١٩٨٧
یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو
یاسای کار ژمارە (٣٧) ی ساڵی ٢٠١٥
یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٩ی هەمواری یاسای کۆمپانیاکانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧
بڕیاری ژمارە (١١)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی ساڵی ١٩٩٢
پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو

**چوارەم: بڕیارەکانی دادگای ئیتیحادی عێراقی و رایەکانی ئەنجوومەنی شۆرای هەرێم:**
بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی، ژمارە: ٢١٢/اتحادية/٢٠٢٢، دەرچووە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٣، بەردەستە لە: < https://www.iraqfsc.iq/krarid/212_fed_2022.pdf > سەردانکراوە لە: ٢٠٢٤/١/١٠.
بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی، ژمارە: ٢٣٠/اتحادية/٢٠٢٢، دەرچووە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٣٠، بەردەستە لە: < https://www.iraqfsc.iq/krarid/230_fed_2022.pdf > سەردانکراوە لە: ٢٠٢٤/١/٢ .
بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی، ژمارە: ١٧٨/اتحادية/٢٠٢٣، دەرچووە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/١٥، بەردەستە لە: < https://www.iraqfsc.iq/krarid/178_fed_2023.pdf > سەردانکراوە لە: ٢٠٢٤/١/٢.
رای دەستەی گشتی ئەنجوومەنی شۆرای هەرێم، نووسراوی ژمارە 2011/36 ی دەرچوو لە 2011/1٠/1١.
رای دەستەی گشتی ئەنجوومەنی شۆرای هەرێم، نووسراوی ژمارە 2012/3٥ ی دەرچوو لە 2011/٣/٢٥.
رای دەستەی گشتی ئەنجوومەنی شۆرای هەرێم، نووسراوی ژمارە 2013/٤٠ ی دەرچوو لە 2013/١٢/٢٣.

# مشروعية تطبيق القوانين العراقية الملغاة في إقليم كوردستان: القوانين الخاصة أنموذجاً

| |
|---|
| أ. م. د. رضوان شريف صالح |
| قسم القانون، فاكلتي القانون والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سۆران، إقليم كوردستان – العراق |
| البريد الالكتروني: rdhwan.salih@soran.edu.iq |
| أ. م. د. محسن شريف صالح |
| الكلية التقنية الادارية اربيل، جامعة اربيل التقنية، أربيل، إقليم كوردستان – العراق |
| البريد الالكتروني: mohsin.salih@epu.edu.iq |

**الملخص**
ينص الدستور العراقي الدائم (2005) على أن العراق دولة اتحادية ونظام الحكم فيها جمهوري نيابي (برلماني)، ويقر بإقليم كوردستان اقليماً اتحادياً. وقد مكّن هذا النظام السلطات الاتحادية (المركزية) وإقليم كردستان الحصول على سلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية. الوظيفة الأساسية لمجلس النواب العراقي (البرلمان) هي تشريع القوانين الاتحادية، وبالمقابل يحق لبرلمان كوردستان إصدار القوانين وتعديل القوانين الاتحادية، باستثناء المسائل التي تقع ضمن الاختصاصات الحصرية للحكومة الاتحادية. مشكلة هذه الدراسة تكمن فى القوانين التى كانت معمول بها سابقاً ونافذاًفي العراق، بيد أنها ألغيت لاحقاً من قبل مجلس النواب العراقي من خلال تشريع قوانين جديدة؛ ورغم إلغائها بحجة عدم اصدار قوانين لإنفاذ القوانين الجديدة لا تزال هذه القوانين الملغاة سارية المفعول في إقليم كردستان. لذا فإن الهدف

الرئيسي من هذه الدراسة هو بيان مدى شرعية تطبيق القوانين العراقية التي ألغاها مجلس النواب العراقي وهى لا تزال نافذة في إقليم كوردستان، فضلا عن عرض بعض القوانين الخاصة المتعلقة بهذه القضية. وخلصت هذه الدراسة المبنية على المنهج التحليلي والميداني إلى أن المواد والأحكام الدستورية ذات الصلة بموضوع بحثنا غير واضحة وغير قابلة لحل مشكلة الدراسة بشكل تام، فمن الناحية العملية ينشأ صراع قانوني وفقهي، حيث يضفي إقليم كردستان الشرعية على تطبيق القوانين الملغاة، ولكن من جهة أخرى تنفي السلطات الاتحادية العراقية شرعيتها، وتطالب بتطبيق القوانين الجديدة، وهذا أصح إلى حد ما من حيث المنطق والدستور.

الكلمات المفتاحية: مجلس النواب العراقي، برلمان كوردستان، القوانين العراقية الملغاة، القوانين الجديدة، القوانين النافذة.

# LEGITIMACY OF ENFORCING ANNULLED IRAQI LAWS IN THE KURDISTAN REGION: PRIVATE LAWS AS AN EXAMPLE

| |
|---|
| Asst. Prof. Dr. Rdhwan Shareef Salih |
| Department of Law, Faculty of Law, Political Science and Management, Soran University, Kurdistan Region-Iraq |
| Email: rdhwan.salih@soran.edu.iq |
| Asst. Prof. Dr. Mohsin Shareef Salih |
| Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University,Erbil, Kurdistan Region-Iraq |
| Email: mohsin.salih@epu.edu.iq |

## ABSTRACT

The Iraqi Permanent Constitution (2005) states that Iraq is a federal state in which the system of government is republican and representative (parliamentary) and recognizes the Kurdistan Region as a federal region. This system has enabled the federal (central) and Kurdistan Region powers to have legislative, executive and judicial authorities. The main function of the Iraqi Council of Representatives (Parliament) is to enact federal laws. Similarly, the Kurdistan Parliament has the right to enact laws and amend federal laws, except on matters within the exclusive authorities of the federal government. The problem of this study lies in the fact that there are several laws previously in force in Iraq, but were later annulled by the Iraqi Council of Representatives through the enactment of new laws; Despite their annulment, due to the pretext of not enacting implementation laws for the new laws, the annulled laws continue to be implemented in the Kurdistan Region. Therefore, the main purpose of this study is to demonstrate the extent of the legitimacy of the Iraqi laws' applicability that have been annulled by the Iraqi Council of Representatives but are still in force in the Kurdistan Region, as well as presenting some of the private laws related to this issue. This study based on analytical and empirical methods, concludes that the constitutional articles and provisions relevant to the subject of our research lack clarity and fail to entirely resolve this problem. Consequently, in terms of practice, a legal and jurisprudential conflict emerges, wherein the Kurdistan Region legitimizes the applicability of annulled laws, while Iraqi federal authorities deny the legitimacy of

**them and advocate for the implementation of new laws, deemed more logical and constitutional.**

**Keywords: Iraqi Council of Representatives, the Kurdistan Parliament, Annulled Iraqi Laws, New Laws, Applicable Laws.**